دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١٨، یەکشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٤ی فێڤریەی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

- حیزبی دێموکرات: گەلەکۆمەی دژ بە کورد مەحکووم دەکەین ٢
- ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی «ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهی»یەوە ٢
- بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات ٢



میرۆ عەلیار: مێژوو ئەو شانازییەی بە حیزبی دێموکرات.. ٤



تویتێک کە ترامپ هیچکات ناتوانێت بینێرێت ٦



گوڵوەنی، هێمای خۆڕاگریی نەتەوەییکە ٩



عەبدوڵڵا حیجاب: هەنگاو و سیاسەتەکانی ... ١٠

# ٢ی ڕێبەندان، ڕەمزی ژیانەوەیە




جێژنی ٢ی ڕێبەندان، ٧٢ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە بنکەی سەرەکیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، بۆ ڕێزگرتن لە ٧٢ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە سەر دەستی پێشەوای مەزن و هاوڕێیانی، ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان، دوکتور "میرۆ عەلیار" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

بەڕێز عەلیار لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: "مێژوو ئەو شانازییەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشی کە کۆماری کوردستان، یەکەم دەسەڵاتی نەتەوەیی مودێڕنی کورد، دابمەزرێنێ و ڕێبەرەکەی، نەمر قازی محەممەد، بە سەرۆک و پێشەوای ئەو کۆمارە دیاری بکرێ".

دوکتوور عەلیار لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە: "دەزانین کە نەیارانی کورد، بەتایبەتی ڕێژیمە سەرەڕۆکان و ناسیونالیستە بەرچاوتەنگەکانی نەتەوەی حاکم، ئیراد لە کوردی ڕۆژهەڵات دەگرن، کە لە لاوازبوونی حکوومەتی پاشایەتی و لە بارودۆخی تایبەتیی نێونەتەوەیی ئەوکات وەک دەرفەت بۆ دامەزراندی کۆماری کوردستان کەڵکی وەرگرتووە! ئێستاش ئەو کارەمان، وەک هەنگاوێکی جیاوازیخوازانە و هاودەستی لەگەڵ بێگانە بەچاودا دەدەنەوە و پێیانوایە، دەبێ لە ئیدە و ئامانجەکانی کۆمار دوور بکەوینەوە! بەڵام ئێمەی کورد، ڕاست بەپێچەوانە، دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک هەنگاوێکی ڕەوا، بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆمان و دابینکردنی مافە سیاسییەکانی گەلەکەمان چاولێدەکەین و یادی کۆمار بەرز ڕادەگرین.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەرهەمی خەباتی ڕزگاریخواز و ئیرادەی قایمی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و ئەوە کە کورد و ڕێبەرانی کۆمار لە لاوازیی دیکتاتوریی حکوومەتی ئەوکاتی ئێران و هەلومەرجی لەباری نێونەتەوەیی ئەو سەردەمە، بۆ خێراترکردنی ڕەوتی دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە، ئەوە وشیاریی و توانایی و "شم"ی سیاسیی بەهێزی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار دەسەلمێنێ.

ئافەرینیان پێدەڵێین و سەربەرزین بەوەیکە ڕێبوارانی ڕێگایانین.

عەلیار هەروەها باسی لەوە کرد: " لەکاتێکدا ڕێژیم مەشرووعییەتی نەماوە و درزی گەورە کەوتۆتە نێو ڕیزەکانیەوە، خەڵک نیسبەتەن یەکپارچە و یەکگرتوون. ڕاپەڕینی ئەوجارە بەپێچەوانە بزووتنەوەی سەوز، لە تاران و چەند شوێنێک دا قەتیس نەمایەوە، هەموو وڵات تێیدا بەشدار بوو".

وتیشی:" ڕاپەڕینی ئەوجارەی خەڵک، دژی ڕێژیم زۆر جیاواز بوو لە خۆپیشاندانەکانی پێشوو و گرنگی و مانای تایبەتی هەبوو و هەیە و جێگەی هیوا و هومێدە: هەموو نیزامی کۆماری ئیسلامی کرایە ئامانج، دروشمەکانی خەڵک بەتەواوی دەریانخست کە گەلانی ئێران لە گەمەی دووبەرەی بناژۆخواز و ڕیفۆرمخواز (اصولگرا و اصلاح طلب) تێپەڕیون و ساغبوونەتەوە.

جێگای سرنجە، خۆپیشاندەران ئەوجارە تەنانەت لە یەک شوێنیش داوای "رفع حصر"ی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزیان نەهێنایە گۆڕێ، کە دروشمێکی سەرەکی ئیسلاحتەڵەبانە!

خەڵکی ئێران بۆی دەرکەوتووە، کە جیاوازی و ناتەبابییەکانی نێوان دوو باڵی ڕێژیم، نە لەسەر بەرژەوەندیی و بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکە، بەڵکوو تەنیا لەسەر چۆنیەتی دابینکردن و پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندیی تاقمەکانی خۆیان لە چوارچێوەی سیستمەکەدایە.

هەڵوێستی دووڕووانەی ئیسلاحتەڵەبەکان لە گەرمەی خۆپیشاندانەکاندا، گومانی لە ڕاستبوونی ئەو بۆچوونەدا نەهێشتەوە؛ بۆیە، خەڵک متمانەیان بە هیچکام لە باڵەکانی ڕێژیم نەماوە. دەزانن کە هەر دوو باڵەکە کۆسپن لەسەر ڕێگەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی سیاسی بە قازانجی خەڵک و هەردوولا کۆسپن بۆ ڕزگاربوون لە سەرکوت و دیکتاتۆری و دزی و گەندەڵیی حکوومەتی.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سروودێکی شۆڕشگێڕانەی لەژێر ناوی "سپێدە" پێشکەشی بەشداربووان کرد.

دواتر، پەیامی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن "شنە دروودگەر" جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنان خوێندرایەوە.

نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمە بە چەندین سرود و پەخشان و گۆرانی ڕازێندرابوویەوە کە سەرنجی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

**دەقی وتەکانی بەڕێز دوکتوور میرۆ عەلیار ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب لە ڕێوڕەسمی بەرزراگرتنی یادی کۆماری کوردستان، لەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا لە لاپەڕەی ٤دا بخوێننەوە.**

پەیڤ

## » ڕاسان و پێشمەرگە

کەریم پەرویزی

خەباتی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی، ئەزموونی زۆری لەگەڵ ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکان هەبووە و لەو ئەزموونانەدا هەندێکیان بە سەرکەوتن و هەندێکیان بە تامی تاڵی زەربەخواردن، وانەی وەرگرتووە. بەڵام بە هەموو هەوراز و نشێوەکانەوە، بەردەوام و بێ پسانەوە کاروانی خەبات و شۆڕش بەڕێوە بووە کە یەکێک لە نیشانە زیندوو و واقیعی و ئەمڕۆییەکانی ئەوەیە کە گەر لە هەموو شارەکانی ئێراندا، خۆپیشاندان دەکرێ و تەنانەت کچان و ژنانی ئازا و نەترس لەچکی بەزۆرەملێ بە دارەوە دەکەن و ڕایدەشەکێنن، چاویان لەسەر سەنگەری پێشەوەی ئازادی و دادخوازی، واتە کوردستانە کە پێشەنگی شۆڕش و نارەزایی دەربڕین بێ.

کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێی ناوەتە قۆناخی ڕاسانی ڕۆژهەڵات و ئەم قۆناخە نوێیەشی بە چەند ساڵێک پێش لە هەموو شوێنەکانی دیکە، لە جوغرافیای ئێران دەست پێکردووە. لەم قۆناخەدا پرسیارێکی گرنگ بەرەوڕووی کۆمەڵگا و چین و توێژە جیاوازەکان بۆتەوە؟ پێشمەرگە لە ڕاساندا چ دەکا؟ یان بەواتایەکی دیکە پێشمەرگە و خەڵکی نارازیی چۆن یەک دەگرنەوە و ئایا بە بوونی پێشمەرگە ئیدی ئەرکەکە وەئەستۆی ئەوان دەکەوێ و خەڵک بڕۆنە ماڵەوە یان بەپێچەوانەکەی ڕاستە و بە هاتنە مەیدانی خەڵک ئیدی ئەرکی مێژوویی پێشمەرگە کۆتایی هاتووە و لەمە بەدوا جڵەوی خەبات بە خەڵک بسپێردرێ و پێشمەرگەیش چەک فڕێ دا و ببێتە بەشێک لە ئاپۆڕای جەماوەر؟

ئەوەی ڕاستییەکی تاڵە ئەوەیە کە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی حاکم بە سەر کوردستاندا شێوازی بەرخۆدان و خەباتت بەسەردا دەسەپێنن؛ بەتایبەتی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی لە تاران، تەنیا یەک زمان دەزانێ، زمانی زۆر و هەڕەشە و توندوتیژی، تەنانەت کچێکی کەم تەمەن کە لەچکی سپی ڕادەوەشێنێ لەگەڵ زیندان و ئەشکەنجە بەرەوڕوو دەبێتەوە، چ بگا بەوەیکە کوردێک بڵێ من ئەم ڕێژیمەم ناوێ و دەمهەوێ لەسەر خاکی خۆم، بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆم بدەم، ئیدی ئەوە دەبێتە دارەدەستی سەهیۆنیزم و ئیمپریالیزم و ناسیۆناڵیزم و ... بەتازەیی عەرەبستانیزم! و تەنیا یەک حوکمی هەیە: دووجار ئێعدام!

لەم ڕێژیمە دڕندەیەدا، خەڵکی ئاسایی کە ویستێکی ڕەوا و زۆر سادە و سەرەتایی باس دەکەن، بە ئاگر و ئاسن وەڵامیان دەدرێتەوە؛ بۆ وێنە هەر لەم خۆپیشاندانانەدا بە وتەی بەرپرسانی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکرات: گەلەکۆمەی دژ بە کورد مەحکووم دەکەین



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا هێرشی دەوڵەتی تورکیەی بۆ سەر کوردستانی سووریە و ناوچەی عەفرین مەحکووم کرد.

**دەقی ڕاگەیەندراوەکە:**

هاونیشتمانیانی کوردستان
خەڵکی ئازادیخوازی ناوچە
کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان

لەم ڕۆژانەدا دەوڵەتی تورکیە دوای ماوەیەکی زۆر هەڕەشە و گوشار کە بە ڕوونی ڕایدەگەیاند کە هێرش دەباتە سەر کوردستانی سووریە و لە ناوچەی عەفرینەوە دەست پێ دەکا، هەڕەشەکانی خستە بواری کردەییەوە و بە چەکی قورس و فڕۆکە و تۆپباران هێرشی کردووەتە سەر کوردستان و لەو نێوەدا گیانی خەڵکی سیڤیلیش کەوتووەتە مەترسیەوە و بە دەستپێکردنی هێرشی زەمینیی ئەرتەشی تورکیەش بۆ سەر عەفرین، ئەگەری ئاوارەبوونی هەزاران کەسی هەیە.

لەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا کە هەر ڕۆژەو لە گۆشەیەکەوە گرووپێکی توندڕەو و تێرۆریست سەر هەڵدەدا و هەموو ئەو گرووپانە لە کۆماری ئیسلامیەوە بگرە تا داعش و ئەوانی دیکە، یەکەم هەنگاویان هێرشکردن بۆ سەر کوردستان بووە و بە مەبەستی پاکتاو و ژینۆسایدی کورد، دەستیان داوەتە هێرشی دڕندانە و کوردیش وەک هێزی هەرە پێشەوەی دژە تێرۆریزیم لەباتی هەموو دونیا شەڕی لەگەڵ تێرۆریستان کردوە.

بەڵام بەداخەوە، کاتێک کە مەترسیی تێرۆریزم کەمتر بووەتەوە، دوژمنانی هەمیشەیی کوردستان لە ناوچە واتە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی حاکم بە سەر کوردستان لە هەموو بەشەکاندا گەلەکۆمەیان لە کوردستان و کورد کردووەتەوە لەو شەڕەشدا جیهان تەنیا چاوەدێرێکی بێدەنگ بووە.

نموونەی هەرە زەقیمان لە هێرشی حەشدی شەعبی و سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ کەرکووکدا بینی و ئێستاش دەوڵەتی تورکیە لە نێو خاکی وڵاتێکیتریشدا دەسەڵاتی کوردی قبووڵ نیە و هێرشی سەر کردوە.

ئێمە ئەم هێرشەی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر کوردستانی سووریە و ناوچەی عەفرین مەحکووم دەکەین و داوا لە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین کە بەرامبەر بەو گەلەکۆمە و دەستدرێژیانەی ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بێدەنگ نەبن، چوونکە گەر لە ماف و ئازادیە ئینسانی و دێموکراتیەکانیش گەڕێین، هەر هیچ نەبێ کورد لە شەڕی دژە تێرۆریزمدا هاوپەیمانی جیهانی ئازاد بووە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**١ی ڕێبەندانی ١٣٩٦**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی "ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهی"یەوە



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، حوکمی ئێعدامی ڕامین حوسێنپەناهی بە حوکمێکی نامرۆڤانە دەزانن و ئەو حوکمەی دادگای ڕێژیم بە تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی ڕۆژهەڵات وەسف دەکەن.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان
ئازادیخوازانی ئێران
کۆڕو کۆمەڵەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ

بەپێی ڕاگەیاندنی پارێزەر حوسین ئەحمەدی‌نیاز و بنەماڵەی حوسێنپەناهی دوێنێ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ ژانویەی ٢٠١٨ی زایینی، بەناو دادگای شۆڕش لە شاری سنە، حوکمی سێدارەی بۆ ڕامین حوسێنپەناهی دەرکردووە. ئەو حوکمە لە کاتێکدایە کە تەنیا یەک دانیشتنی دادگا گیراوە بۆ ڕامین و بە وتەی پارێزەرەکەی ئەو حوکمە زۆر لەپڕدا و هاوکات چاوەڕواننەکراو بووە.

بەپێی قسەکانی خودی ڕامین و پارێزەرەکەشی، ناوبراو بۆ سەردانی بنەماڵەکەی چووەتەوە کوردستانی ئێران و بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە تێکهەڵچوونی چەکداریدا نەبووە، لە لایەکی ترەوە بە وتە و قسەی خۆدی ڕامین، ناوبراو چەندین مانگ لە ژێر ئەشکەنجەدا بووە، بۆیە بە لێکدانەوەی هەموو ئەوانە و بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامیش ناوبراو شیاوی حوکمی سێدارە نییە.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ئەو حوکمە بە نامرۆڤانە و نایاسایی دەزانین و پێمانوایە دادگا بە تەواوی لەژێر سێبەری بارودۆخی سیاسیدا ئەو حوکمەی داوە و لە ڕاستیدا بۆ تۆڵە کردنەوەیە لە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات کە لە مانگەکانی ڕابردوودا چەندین جار خۆپێشاندان و کۆبوونەوەی گەورەی جەماوەرییان پێکهێناوە.

داواکارین کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان، کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردستانی، ئێرانی و نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لەمەڕ ئەو حوکمە نادادپەروەرانەیە بێدەنگ نەبن، ئەرکە لە سەر هەموومان و بەتایبەت لە سەر چالاکانی نێوخۆی وڵات کە نیشانی بدەن دژی ئەو حوکمە و بەگشتی حوکمە سیاسییەکانن کە لە کوردستان زۆر زیاتر لە شوێنەکانی دیکە بەڕێوە دەچن و کۆماری ئیسلامی دەستی قورسی خۆی هەموو کات لە کوردستان دەوەشێنێت، بێدەنگ بوونی ئێمە ڕادە و ژمارەی ئەو کارەساتانە زیاتر دەکات و هەر ڕۆژ دەبێت شاهیدی ئێعدام و لەنێوچوونی زیاتری ڕۆڵەکانمان بین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی**
**٢٦ی ژانویەی ٢٠١٨ زایینی**

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات



پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە زرگوێز کۆ بوونەوە.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، کۆبوونەوەی پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە زرگوێز بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، باسیان لەسەر بارودۆخی هەنووکەیی کۆماریی ئیسلامیی ئێران و درێژەدان بە سەرکوت و ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان و پێویستی هەرچی زیاتر لێک نزیکبوونەوەی حیزب و لایەکان بەتایبەتی پێداگریان لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی بۆ نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بواری پشتیوانی لە ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان و چالاکانی مەدەنی، لەقاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا، کرد.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، باس لەوە کرا، کە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، زیاتر گوشار بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامی، بۆ ئەوەی گوشار لە سەر چالاکانی مەدەنی کەم بکرێتەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا، ناوەندێک بۆ هاوکاریی حیزبە کوردییەکان بۆ کار و تێکۆشانی داهاتووو پێک هات، هەروەها کۆبوونەوە و هەماهەنگی لە نێوان هەموو هێز و لایەنەکان لەسەر پرنسیپە ئەسڵییەکان بۆ هاوکاری بە مەبەستی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و بونیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێران بە مەرجی دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، بەڕێوە دەچێت.

پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی پێنج لایەن و حیزبەکان لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، دید و بۆچوون و مەبەستی ئەو ناوەندە بۆ کاناڵەکانی ڕاگەیاندن شی کرایەوە.

جێگەی ئاماژەیە، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون.

# بانگەوازی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بۆ ڕزگاربوونی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور لە ئێعدام

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بۆ ڕزگاربوونی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، زیندانی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام بانگەوازێکی بڵاو کردەوە.

لەو بانگەوازەدا کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ کردووە، بە کردەوە نیسبەت بە حوکمی ئێعدامی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور ناڕەزایەتی دەرببڕن و پێش بە جێبەجێکردنی ئەو حوکمە لە لایەن بەرپرسانی قەزایی ڕێژیمی ئێرانەوە بگرن.

دەقی ئەو بانگەوازە بەم چەشنەیە:

خەڵکی خەباتکار
هێزە ئازادیخوازەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بە مەبەستی ڕزگارکردنی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور کوڕی ئەبووبەکر، کە لە لایەن بەناو دادگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئێعدام مەحکووم کراوە، لە هەموو ئۆرگانەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و کۆمیسارایای باڵای مافی مرۆڤ و هەروەها ڕێپۆرتێری تایبەت بۆ کاروباری مافی مرۆڤی ئێران، داوای کردەوەی بەپەلەی بۆ پێشگرتن لەو جەنایەتە دژەمرۆییە کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕێبەندان، هیدایەت عەبدوڵڵاپوور کوڕی ئەبووبەکر، خەڵکی گوندی قەرەسەقەل سەر بە شاری شنۆ، بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئێران دووجار بە ئێعدام مەحکووم کراوە.

لەو بارەوە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ کردووە، بە کردەوە نیسبەت بە حوکمی ئێعدامی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور ناڕەزایەتی دەرببڕن و پێش بە جێبەجێکردنی ئەو حوکمە لە لایەن بەرپرسانی قەزایی ڕێژیمی ئێرانەوە بگرن.

**کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ**

# سکرتاریای حیزبی دێموکرات ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە هەوڵێکی نەزۆکی چەواشەکارانە و ئاژاوەگێڕانە، ئاگادارییەکی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

ئاگادارییەک بۆ ڕای گشتی

چەند ڕۆژ لەوە پێش لە بازگەی دێگەڵە، هەڵکەوتوو لە سەر جاددەی نێوان کۆیە ـ هەولێر لە نێوان ژمارەیەک خەڵکی ئاسایی و ئاسایشی پارێزەری ئەو بازگەیە گرژییەک ڕوویدا؛ هەندێ کەس و ڕاگەیاندن هەوڵ دەدەن بە مەبەستی سیاسی دیاریکراو، حیزبی دێموکراتیش لەو گرژیانەدا بەشدار و لایەنگر بکەن، بۆ ئەوەی کێشە و دژایەتی نێوان کوردەکانی بەشە جیاکان زیاتر بکەن و پیلانی دوژمنانی کورد، بە شێوەیەکی ئاگایانە یان لە ڕووی نائاگاییەوە، جێبەجێ بکەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە سەر پرسە نەتەوەییەکانی کوردستان، گەر حیزبی دێموکرات بۆ داکۆکی لە مافی ڕەوا و ویستی ڕزگاریخوازانەی کورد لەهەموو بەشەکاندا یەکەم حیزب نەبووبێ، لەوانی دیکە وەدوا نەکەوتووە؛ لێرەشدا پێویست بە هیچ نموونە هێنانەوەیەک ناکات، چوونکە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات زۆر لەوە خاوێنتر و ڕوونترە کە دوژمنانی کورد، بیانهەوێ ئەو ڕاستییە بە چەواشەکراوی بە خەڵکی مافخوازی کوردی نیشان بدەن.

بۆیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات هەر جۆرە پێوەندییەکمان بەو گرژیانەوە، ڕەت دەکەینەوە و ڕایدەگەیەنین حیزبی دێموکرات هیچ بەشدارییەکی بە قازانجی هیچ لایەک لەو ڕووداوە نەخوازراو و ناخۆشانەدا نەبووە و ئەو هەوڵانە بۆ گومان خستنە سەر تێکۆشانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات بە قازانجی دوژمنی سەرەکیی کورد واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبینین.

تا ئێستا سیاسەتی حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بووە و هەرواش دەمێنێتەوە و لە کێشەی نێوان حیزب و لایەنەکانی کوردستانیشدا ئەوندەی بۆی کرابێ قسەی ئاشتی و برایەتی کردووە، دەنا خۆی نەکردووەتە لایەنێکی ناکۆکییەکان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**سکرتاریا**
**١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦**
**٤ی فێوریەی ٢٠١٨**

# جێژنی ٢ی ڕێبەندان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە چوو



بۆ ڕێزگرتن لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ هەتاوی، بە بەشداریی کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و میوانانی ئەم ڕێوڕەسمە، یادی ٢ی ڕێبەندان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بە تایبەت شەهیدانی ڕاسان دەستی پێکرد.

پاشان "سدیق دەرویشی" بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان پەیامێکی پێشکەش بە ئامادەبووانی ئەو ڕێوڕەسمە کرد.

پاشان هۆنراوەیەک بەم بۆنەوە لە لایەن شاعێری پێشمەرگە مامۆستا "بێبەش" پێشکەش کرا.

پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن "شاهۆ ئەحمەدی"یەوە خوێندرایەوە.

دواتر سروودی "هاتەوە ٢ی ڕێبەندان" لە لایەن "عوسمان ڕەحمانی و سیامەند شابۆیی" پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، منداڵانی ناوەندی ٣ی کوردستان سروودێکیان لەژێر ناوی "ڕێبەندان" پێشکەش کرد.

پاشان چەند گۆرانییەک لە لایەن "فەرەنگ خزری"، "نیزام سەجادی" و "عوسمان ڕەحمانی" بە هاوکاری کۆڕی موزیکی حیزب پێشکەش کران.

ڕێوڕسمەکە بە هەڵپەڕکێی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

# سێمینارێک بۆ یادی ٢ی ڕێبەندان لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو

سێمینارێک لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان، ناوەندی باڵا، لەبارەی کۆماری کوردستان لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتی (یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستان، ناوەندی باڵا) سێمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە کۆماری کوردستان لەژێر دروشمی "ئاستەنگەکانی پرسی سەربەخۆیی لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا" بەڕێوە چوو.

لەو سێمینارەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی "تەیموور مستەفایی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەشدار بوو و باسێکی لە سەر هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد.

مستەفایی لە قسەکانیدا ،بە وردی تیشکی خستە سەر دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو کاتی کوردستان و کۆسپ و لەمپەرەکان کە بوونە هۆی ڕووخانی کۆمار.

مستەفایی باسی لەوەش کرد کە بە تایبەت خۆ نەگرتنی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، بێ دەنگیی زلهێزەکان، نەبوونی زەمینە و بەستێنی گونجاو، بەپێی ئەو تەرکیبە کۆمەڵایەتییەی ئەو کات چەند هۆکاری دیکەی ڕووخانی کۆماری کوردستان بوون.

مەبەستی تەیموور مستەفایی لەو باسە ئەوە بوو کە بە قسەی بیرمەندێک کە دەڵێت:"هێندە ڕەخنە لە خۆت بگرە تا دوژمن دەکەوێتە هەلەکەسەما". پێی وابوو جێگە و پێگەی کۆمار و پێشەوا و کار و خزمەتەکانی بە کەس کەم ناکرێتەوە، بەڵام ڕوانینی ڕەخنەگرانە خزمەت دەکا لە داهاتوودا هەنگاوی باشتر بنێین.

هەر لەو سێمینارەدا دوو کەسی دیکە بەناوەکانی "کەماڵ کریمی" و"هەژار هەورامی" ماموستای زانکۆ هەر کامیان لە گۆشەنیگایەکەوە ڕوانین و نەزەراتی خۆیان خستەبەرباس.

هەر لەو بارەیەوە "تاهیر مەحموودی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی کۆماری کوردستان لێدوانێکی دا.

دواتر ئامادەبووان بە پرسیار و تێبینیەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

لەو سێمینارەدا ژمارەیەکی بەرچاو نوێنەری هێزو لایەنە سیاسییەکانی باشوور، ڕۆژهەڵات و ماموستا و خوێندکارانی زانکۆ بەشدار بوون.

# بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە سەرەخۆشیی حاجی فازڵ ئاغا

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی "حاجی فازڵ ئاغا"دا بەشداریان کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٦ ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کەسایەتی ناسراوی عەشیرەتی گەردی، "حاجی فازڵ ئاغا" بەشداریان کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاودەردی و سەرەخۆشیی "مستەفای هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو گەیاند و هاودەردی لەگەڵ کردن.

حاج فازڵ ئاغا کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی بوو و لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیوەندییەکی دۆستانە و لەمێژینەی هەبوو.

# دیداری حیزبی دێموکرات و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری هەولێر

شاندێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە سەرپەرەستیی "بێکەس قادر" ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو حیزبە، سەردانی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن شاندی نوێنەرایەتی حیزبەوە بە سەرپەرستیی "محەممەد ساڵح قادری" بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

ئەم دوو شاندە لە دانیشتنێکی دۆستانەدا وێڕای تیشک خستنەسەر چەندین پرس و بابەتی هەنووکەیی پەیوەندیدار بە ڕەوش و بارودۆخی کوردستان و پیلانی داگیرکەران بۆ لێدانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکاندا، پێداگریان لە بەردەوامیی پێوەندی و هاوکاریی نێوانیان و هەوڵدان بۆ یەکڕیزی وهاوهەڵوێستی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیان وەک زەرووڕەتی ئەم قۆناغە کردەوە.

# چالاکییە تەبلیغییەکان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان

بەبۆنەی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئەمساڵیش خەڵکی تێکۆشەری کوردستان وەک نەریتی ساڵانە، کۆمەڵێک چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد کە بەم چەشنەی خوارەوەن:

### سنە:

قارەمانانی دێموکرات لەم شوێنانەی شاری سنە تراکت و پووستێری تایبەت بە ٧٢هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان بڵاو کردەوە:

گەڕەکی ئاغە زەمان، ئاساوڵە، شەقامی سیروس، شەقامی نەمەکی، شەهرەکی ئیستاک ئاساوڵە، کانی دووشەم وگەڕەکی سپوورئاوا، گەڕەکی بەهاران و ویلا شار، شەهرەکی ساحلی، کەمربەندی پشتی مەیدان بار، دەورووبەری زانکۆی کوردستان.

هەروەها لە جاددەی تەکیە و هەنەڕ، چەم تەختە و چەم تەوریوەر، حەلوان و گوندی تەنگیسەر لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە ڕێز لە ٢ی ڕێبەندان گیرا.

لەلایەکی دیکەشەوە قارەمانانی دێموکرات لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، لە گوندی "سالیان" لە مزگەوت، قوتابخانە، دێیاری، جاددەی ئەوێهەنگ، مخابرات و تەواو کۆڵانەکانی گوند تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندانیان بڵاو کردەو؛ ئەم چالاکییانە لە گوندی لە گوندی تەنگیسەریش بەڕێوە چوون.

### قوروە:

لە شاری قوروە، لەم شوێنانە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە چووە: شارەکی "ئیمام"، فەرهەنگیان، مەیدانی فەرمانداریی، ئیتحاد و زۆربەی گەڕەک و کۆڵانەکانی ئەو شارە.

### بۆکان:

ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانبار ئەندامانی حیزب لە شاری بۆکان بە بەڕێوەبردنی چالاکی تەبلیغی و بڵاوکردنەوەی پوستێری تایبەت بە یادی کۆمار، ڕێزیان لە ٢ی ڕێبەندان گرت.

ئەو شوێنانەی چالاکی تەبلیغی تێدا کراوە بریتین لە: میراوا، جادەی کەمەربەندی، شەقامی سی میتری، تابلۆکانی جادەی بۆکان میاندواو، نەساجی، مەجبوراوا، دەوروبەری پاسگای ناچیت، سەفی گازی ساحلی، شەقامی ئەبوزەر، سەیرانگای کێوەڕەش .

ڕێبورانی شەهیدانی کوردستان لە شاری بۆکان، یادی ٢ی ڕێبەندانیان بەرز ڕاگرت و پەیمانی وەفاداریان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە و لەو پێوەندییەدا زۆربەی درگا و دیوارەکانی بۆکان بە پوستێری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان ڕازێندرایەوە.

### تاران:

لە پێتەختی ئێرانیش لە شاری تاران تێکۆشەرانی دێموکرات لەم شوێنانەدا چالاکییان بەڕێوە بردووە: تاران پارس، حەکیمیە، بلواری بەهار، پارکی بەهار، پۆمپی بنزینی گەڕەکی بەهار، کۆڵانەکانی بەهار ٧ و٨ .

### مەهاباد:

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە چەندین شوێنی جیاواز وەک شەقامی زانکۆی پەیام نوور، زەوینەکانی شارەداری، شەقامی پێشەوا و دەوروبەری، مەیدانچەی حەسەنزادە، حەوشەی نەخۆشخانە، تاقەدار، حەوشەی مردووشۆرخانە، شەقامی پەرستار، بەری شیلانان.

### نەغەدە:

قارەمانانی دێموکرات لە شارەکانی نەغەدە گوندی "وەزنێ"، مەهاباد "باغی شایگان"، قوروە شوێنەکانی وەک شارەکی "ئیمام" فەرهەنگیان، مەیدانی فەرمانداریی، ئیتحاد و زۆربەی گەڕەک و کۆڵانەکانی ئەو شارە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

### مەریوان:

قارەمانانی دێموکرات، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە شاری مەریوان لە گوندی "نێ"ـی دێموکراتپەروەر ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەیان لە خەڵک کردووە؛ هەروەها لە گوندی "گوڵچییەر"یش چالاکی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

### شنۆ:

لە شاری شنۆ لە گوندی ئالیاوێ تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژە و لە چەندین شوێن لە بەرزاییەکانی شنۆ، ئاگری ٢ی ڕێبەندانیان کردۆتەوە.

# پێشمەرگەکانی شار پەیامی پیرۆزباییان ئاڕاستەی شاخ کرد



بەشێک لە پێشمەرگەکانی شار لە دووتوێی پەیامێکدا بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پیرۆزباییان لە پێشمەرگەکانی شاخ و سەرجەم گەلی کورد کرد.

### دەقی پەیامەکەیان بەم چەشنەیە:

کوردستان شەرتمان بە شەرتی پێشەوای کۆماری تۆ

کوردستان سوێندمان بە شەهید و شۆڕش و ڕاسانی تۆ

درێژەدەر دەبن لە ڕێبازی شەهیدانی فەیزوڵابەگی

خوڕخوڕە و سەرشیوی سەقز، گشت گەورک و تیلەکۆ

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی

پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی شاخ

جێژنی نەتەویی دووی ڕێبەندان لە ئێوە و تێکڕای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و جیهان پیرۆز بێت.

کۆماری کوردستان یادگاری بەنرخی پێشەوا قازی محەممەد و دەسکەوتی مەزنی حیزبی دیموکراتە، کە بۆ هەتا هەتا لە مێژووی نەتەوەی کورددا وەک ڕەمزی نەمری و مانەوەی نەتەوەیی دەمێنێتەوە. وەفادارمانەوە بە بەها و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان و خەبات بۆ دووپات کردنەوەی ئەو ڕۆژە پڕ لە سەروەری و شانازییە ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە. ئێمەش بەڵێن دەدەین بەم سامانە نەتەوەییە کە هەوێنی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستانە وەک هەمیشە وەفادار بمێنینەوە.

**بژی کوردستان و کورد**

**بڕوخێ ڕێژیمی دژەکورد و تێرۆریستی ئاخوندی**

**ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەقز**

# قاسملوو

## سەنگەری خەبات و شۆڕش بۆ چوار بەشی کوردستان

"محیەدین شێخ ئالی" سکرتێری پارتی وەحدەی کوردستانی ڕۆژئاوا ڕایگەیاند، خوێنی من لە خوێنی قاسملوو سوورتر نییە و داواکارم وەفادار بە خوێنی شەهیدان بمێننەوە.

سکرتێری پارتی وحدەی کوردستانی ڕۆژئاوا "محیەدین شێخ ئالی"، لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی ڕووداو، لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین ڕایگەیاند، کە خوێنی من لە خوێنی قاسملوو سوورتر نییە و داواکارم وەفادار بە خوێنی شەهیدان و کوردستان بمێننەوە و خەڵکی ئێمە ئاشتیخوازە.

شێخ ئالی باسی لەوە کردووە، کە ڕەوشی عەفرین زۆر نالەبارە و فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە لە ڕێگای ئاسمانەوە ئەو شارە تۆپباران دەکەن، ئەوەش دوای ئەوە دێت کە ڕووسیە هێزەکانی کشاندووەتەوە و بێدەنگی هەڵبژاردووە.

هێرشی تورکیە بۆ سەر کوردستانی ڕۆژئاوا بە هۆی ئەوە ڕووی داوە، کە ئامریکا پشتیوانیی خۆی لە کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەربڕی و بوودجەی نیزامیشی بۆیان تەرخان کرد، ئەوەش تووڕەیی تورکیەی لێ کەوتەوە، کە نابێت ئامریکا پشتیوانی لە یەپەگە بکات کە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە (پەکەکە).

هەتا ئێستە شەڕ و تێکەڵچوون لە عەفرین بەردەوامە و چەندین کەس کوژرا و بریندار بوونە.

# هەڵۆکانی زاگرۆس هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ڕێژیم

هەڵۆکانی زاگرۆس لە عەمەلیاتێکدا لە نێوان شارەکانی سەقز و بانە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ڕێژیم ناسراو بە "ناجا" و تێکیان شکاندن.

وێبلاگی "هەڵۆکانی زاگرۆس"، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە، هەڵۆکانی زاگرۆس لە عەمەلیاتێکدا دژی بۆسەی هێزی "ناجا"ی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ئەم بۆسەیەیان تێکشکاند.

لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: (ناجا) کە لەژێر فەرمانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی تاراندایە و ئەرکی دزێوی ڕاو و ڕووت و تاڵان و کوشتوبڕی کاسبکارانی لەسەر شانە، وەک ئەرکەکانیتریان کە سەرکوت و داپڵۆسینی تێکۆشەران و ئازادیخوازانی کوردستانە و بەردەوام خەڵک ئازار و ئەزیەت دەدەن، کەوتنە بەر هێرشی هەڵۆکانی زاگرۆس.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:ناجا لە ملومۆ و خۆمەڵاس دانیاندا، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ، بۆسەیەک لە ڕاستای لە داوخستنی کاسبکارانی ناوچەکە و تاڵانی کەل و پەلەکانیان دادەنێنەوە، لەو کاتەدا پۆلێک لە هەڵۆکانی زاگرۆس لە شاری بانە لە دەراوی گوندی "بەیاندەرە"، لە ناوچەی سەرشیوی سەقز و جادەی دووئاو- بانەدا چاودێری پیلانەکەیان دەکەن.

داوی کرێگرتەکانی دوژمن، لەبەرچاوی تیژی هەڵۆکانی کاکەیان و بەختیار ئاشکرا دەبێ و هەڵۆکانی زاگرۆس، بە ڕاسانەوەیان ناجای بەکرێگیراو، دەدەنە بەر ئاگری تووڕەییان و لە بەر ماڵی "وزمەڵێ" تێکیان دەشکێنن؛ پاش ئاوربارانێکی چەند خولەکی هەڵۆکان بە سلامەتی بەردەوام بوون لە فڕین بە دوندەکانی چیای "دووزین" وکێوی "شەهید" و کەلی بەرزی "خان".

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، هەڵۆکانی زاگرۆس لە سەرانسەری کوردستان، چەندین هێرشیان کردووتە سەر هێزەکانی ڕێژیم و تا ئێستا دەیان کەس، لە هێزەکانی ڕێژیم بە دەست هەڵۆکانی زاگرۆس کوژراو بریندار بوونە و بە سزای خۆیان گەیشتوون.

هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاویان کردووەتەوە، کە هیزی چەکداری چالاکی خۆیان، بە پاڵپشتی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانن و پشتیوانی لە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کاسبکارەکەن و ناهێڵین تاوانی سەرکوت و تاڵان و ڕاووڕوت لە کوردستان، لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بێ وەڵام بمێنێتەوە.

## درێژەی پەیف

ڕێژیم پێنج هەزار کەسیان دەسبەسەر کردووە، بۆیەش بە ئاگربارانەوە دێنە پێش تاکوو خەڵک چاوترسێن بکەن و سروشتیە کە لە بەرامبەریشدا خەڵک پەنا بۆ شتێک ببەن کە لە ئاگری ڕێژیم بیانپارێزێ.

لە پێناوی خۆپاراستن لە ئاگری ڕێژیم و وردان بەو نارازیانە کە خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێران چاوەڕوانن کوردستانیش بێتە مەیدانی پشتیوانییان و هەر لەو ئاراستەیەشدایە کە کاتێک لە کوردستان خۆپیشاندان دەکرێ خەڵک دەڵێن پێشمەرگە لەکوێیە؟

لە وەڵامی ئەو داوا و چاوەڕوانیە دایە کە پێگەی دروستی پێشمەرگە لە راساندا دەدۆزرێتەوە: ئامادەبوونی پێشمەرگە لە نێو دڵی خەڵک بۆ وردان بە خەبات و پاراستنی خەڵک لە ئاگری ڕێژیم؛ ئەمە ئەرکی نوێی پێشمەرگەی سەردەمی راسانە.

لەم دۆخ و قۆناخە نوێیەدا، چیدی پێویست ناکا تەنیا شاخ هێلانەی پڵێنگەکانی نێو ڕەوی خەبات بێ، بەڵکوو شار دەبێ بە فێرگەی سیاسی نیزامی و پێشمەرگە بار دێنێ و بە شێوازی نوێ و پێویست پەروەردەیان دەکا. لەم بەرگ و ئەرکە نوێیەدا، ئیتر ژنان و پیاوانی چاو لە ئاسۆی روون، کچان و کوڕانی گەنجی دڵ پڕ لە هیوا، لە نێو شاردا لە حەوشەی ماڵەکەیاندا چەکی شاردراوەی باپیرانیان هەڵ دەدەنەوە و دەری دێنن و خاوێنی دەکەنەوە. ئەوان بە خاوێنکردنەوەی ئەو چەکانە و خۆپێڕاهێنانیان، ئەرکی پێشمەرگەی پارێزەری خەڵک وەئەستۆ دەگرن، تاکوو بەو زمانە لەگەڵ ڕێژیم قسە بکەن کە تێی دەگا.

# میرۆ عەلیار: مێژوو ئەو شانازییەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشی کە یەکەم دەسەڵاتی نەتەوەیی مودێڕنی کورد، دابمەزرێنێ




دوکتور "میرۆ عەلیار" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**دەقی وتەکانی بەڕێز، دوکتور "میرۆ عەلیار" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٢ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان**

**میوانە بەڕێزەکان، هاوڕێیانی تێکۆشەر، خوشک و برایانی خۆشەویست،**

ساڵێکی دیکە تێپەڕی و ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخساوەتەوە، جارێکی دیکە پێکەوە ڕێز بگرین لە یاد و بیرەوەرییەکانی کۆماری کوردستان و پێداگرینەوە لەسەر پابەندبوونمان بە ئامانج و ئیدئالەکانی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییە، کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ی زایینی، لە مەهاباد پێکهات.

لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە، بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەین؛ ٧٢ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆمار، لە ئێوە و گشت نەتەوەی کورد پیرۆز بێ.

مێژوو، ئەو شانازییەی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشی کە کۆماری کوردستان، یەکەم دەسەڵاتی نەتەوەیی مودێڕنی کورد، دابمەزرێنێ و ڕێبەرەکەی، نەمر قازی محەممەد، بە سەرۆک و پێشەوای ئەو کۆمارە دیاری بکرێ.

ئێمە سەربەرزین بەوە، کە کۆمار ئەوڕۆ لە هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراودا، وەک دەسکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی گەلەکەمان ڕێزی لێدەگیرێ.

لەلایەکی دیکەوە، دەزانین کە نەیارانی کورد، بەتایبەتی ڕێژیمە سەرەڕۆکان و ناسیونالیستە بەرچاوتەنگەکانی نەتەوەی حاکم، ئیراد لە کوردی ڕۆژهەڵات دەگرن، کە لە لاوازبوونی حکوومەتی پاشایەتی و لە بارودۆخی تایبەتیی نێونەتەوەیی ئەوکات وەک دەرفەت بۆ دامەزراندی کۆماری کوردستان کەڵکی وەرگرتووە!

ئێستاش ئەو کارەمان، وەک هەنگاوێکی جیاوازیخوازانە و هاودەستی لەگەڵ بێگانە بەچاودا دەدەنەوە و پێیانوایە، دەبێ لە ئیدە و ئامانجەکانی کۆمار دوور بکەوینەوە!

بەڵام ئێمەی کورد، ڕاست بەپێچەوانە، دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک هەنگاوێکی ڕەوا، بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆمان و دابینکردنی مافە سیاسییەکانی گەلەکەمان چاولێدەکەین و یادی کۆمار بەرز ڕادەگرین.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەرهەمی خەباتی ڕزگاریخواز و ئیرادەی قایمی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و ئەوە کە کورد و ڕێبەرانی کۆمار لە لاوازیی دیکتاتوریی حکوومەتی ئەوکاتی ئێران و هەلومەرجی لەباری نێونەتەوەیی ئەو سەردەمە، بۆ خێراترکردنی ڕەوتی دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە، ئەوە وشیاریی و توانایی و "شم"ی سیاسیی بەهێزی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار دەسەلمێنێ.

ئافەرینیان پێدەڵێین و سەربەرزین بەوەی کە ڕێبوارانی ڕێگایانین.

هیچ نەتەوەیەک نییە شانازی بە مێژوو و دەسکەوتە نەتەوەییەکانییەوە نەکا؛ ئێمەش هەر بەوجۆرە، ڕێگە بە کەس نادەین ئەو هەست و مافەمان لێ بستێنێ. بۆ ئێمە، لەدایکبوونی کۆماری کوردستان ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی نەتەوەی کورددا و پێویستە هەموو ساڵێ دەسکەوتەکانی وەبیر بێنینەوە و ڕێزیان لێ بگرین:

بەڵێ، شانازی دەکەین بە بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی و دابینکردنی مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ منداڵی کورد؛ مافێک کە هەتا ئێستاش لە کۆماری ئیسلامیدا لە ڕۆڵەی کورد زەوت کراوە.

شانازی دەکەین بە پێکهاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە هێمای بەرخۆدان و یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی کوردە.

سروشتیە سەربەرز بین بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان.

سرنجڕاکیشە کە ٧٢ ساڵ لەمەوبەر، پرس و ئازادیی ژن، لە بەرنامەی کاری کۆماری کوردستاندا بووە و هەوڵ بۆ دابینکردنی مافەکانی ژن دراوە.

بەڵێ، شانازی دەکەین، بە بوونی ئەو ئەمنییەت و ئازادییە دێموکراتیکانەی، کە کۆمار لە ماوەی تەنیا ١١ مانگدا، لە کوردستان بۆ کورد و غەیرە کوردی دابین کردبوو.

مافی خۆمانە، بە چاوی ڕێز و تەحسینەوە، ئاوڕ لەو هاوکاریی و هاوپێوەندییە گەرم و گوڕانە بدەینەوە، کە بۆ ڕۆڵەکانی کورد لە بەشەکانی کوردستان ڕەخسابوو؛ حزووری بەرچاو و کاریگەریی بارزانییەکان، بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی، لە کۆماری کوردستاندا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە.

ئێمە گرنگیی تەواو دەدەین بە پێوەندیی دۆستانە و هاوکاریی نێوان دوو دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان، بەتایبەتی، تەعامولی دێموکراتیک و بەرپرسانەی، ئەو دوو حکوومەتە دەتوانێ وەک نموونە و ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ داهاتووی ئێرانی فرەنەتەوە، دەوری یەکلاکەرەوە بگێڕێ.

بەکورتی، ئەوڕۆ دوای پتر لە حەوت دەیە، خەڵکانی ئێران و زۆر وڵاتی دیکەی ناوچە، بەداخەوە، بەدەست دیکتاتورییەوە دەناڵێنن و بۆ وەدیهێنانی ئەو ماف و ئازادییانەی کە کۆماری کوردستان، لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵ لە کوردستان دابینی کردبوون، قوربانی دەدەن!

ئاشکرایە، بووژانەوەی کەم وێنەی بیر و هەستی نەتەوەیی، دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کورد و گەشەسەندنی کەسایەتیی تاکی کورد، پێویستە وەک بەنرخترین و شوێندانەرترین دەسکەوتی کۆماری کوردستان، لە مێشکی هەموو تاکێکی کورددا، چاوی لێبکرێ و بپارێزرێ.

ئەو دەسکەوتەیە، کە ئەوڕۆش، هەوێن و هاندەری ئێمەی کوردە، بۆ بەردەوامبوون لە خەبات، لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەیی و وەدیهێنانی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک پیرۆزترین ئامانج و پەیامی کۆمار.

## بەڕێزان!

لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویدا، کە بەرەو تەواوبوون دەڕوا، زۆر ڕووداوی گرینگ هاتوونەتە ئاراوە؛ بەڵام من دەمهەوێ لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو ڕووداو بکەم کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە پرسی کورد و ئێرانەوە هەبوو:

یەکەم، هێرشی نیزامی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچە جێناکۆکەکانی باشووری کوردستان و داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانە، کە بە پیلان و فەرماندەیی و ڕێنوێنی و بەشداریی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی سوپای پاسدارانی ئێران، بەڕێوەچوو.

لێرەدا ناچمە نێو لایەن و هۆکارەکانی ئەو ڕووداوە، بەڵکوو مەبەستم وەبیرهێنانەوەی سیاسەتی دوژمنکارانە و ڕۆڵی کاولکارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پرسی کورددایە.

ڕووداوەکانی مانگی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی، دیسانەوە و بۆ چەندەمین جار سەلماندیان، کە حکوومەتی ئێران نەیار و دوژمنی سەرەکی ماف و ئازادی کوردە، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

کورد دەبێ دوو دەرسی گرنگ لەو ڕووداوە وەربگرێ: یەکەم، کورد بەگشتی و لە هەر بەشێکی کوردستان و بە خۆشمانەوە، ئەگەر پشت بە کۆماری ئیسلامی ببەستێ، هەڵەیەکی گەورە و گران دەکا و بە تێچوویەکی قورس بۆی تەواو دەبێ.

دووهەم، بیسەلمێنین کە دووبەرەکی و ناتەبایی نێوماڵی کورد، ئەو هۆکارە سەرەکییە، کە دەرگا و دەروازە بۆ دوژمن دەخاتە سەر پشت، تاکوو پیلان و پلانەکانی خۆی لە کوردستاندا، بە سەرکەوتووییەوە بەئەنجام بگەیەنێ!

هەر کەس و لایەنێک ئەو ڕاستییە نەبینێ، خۆی تەنیا لە نەهامەتییەکانی دووبەرەکی و لە ئاکامە کارەساتبارەکانی متمانەکردن بە ڕێژیمی ئێران، بەرپرسە و نابێ گلەیی لە کەس بکا.

دووهەم ڕووداو، سەرهەڵدانی ئەو جموجۆڵە ئیعترازیانەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانە، کە لە ٧ی بەفرانباری ١٣٩٦ هەتاوی (٢٩ی دێسامبری ٢٠١٧ی زایینی) لە ئێراندا هاتنە ئاراوە و بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراوەوە زۆربەی شارەکانی ئێرانیان گرتەوە.

ئەو ڕاپەڕینە، سرنجی بیروڕای گشتیی ناوچە و جیهانی بۆلای وەزعی تراژیک و شپرزەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلانی ئێران، لەژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا ڕاکێشا.

ڕاپەڕینی ئەوجارەی خەڵک، دژی ڕێژیم زۆر جیاواز بوو لە خۆپیشاندانەکانی پێشوو و گرنگی و مانای تایبەتی هەبوو و هەیە و جێگەی هیوا و هومێدە:

هەموو نیزامی کۆماری ئیسلامی کرایە ئامانج، دروشمەکانی خەڵک بەتەواوی دەریانخست کە گەلانی ئێران لە گەمەی دووبەرەی بناژۆخواز و ڕیفۆرمخواز (اصولگرا و اصلاح طلب) تێپەڕیون و ساغبوونەتەوە.

جێگای سرنجە، خۆپیشاندەران ئەوجارە تەنانەت لە یەک شوێنیش داوای "رفع حصر"ی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزیان نەهێنایە گۆڕێ، کە دروشمێکی سەرەکی ئیسلاحتەڵەبانە!

خەڵکی ئێران بۆی دەرکەوتووە، کە جیاوازی و ناتەباییەکانی نێوان دوو باڵی ڕێژیم، نە لەسەر بەرژەوەندیی و بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکە، بەڵکوو تەنیا لەسەر چۆنیەتی دابینکردن و پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندیی تاقمەکانی خۆیان لە چوارچێوەی سیستەمەکەدایە.

هەڵوێستی دووڕووانەی ئیسلاحتەڵەبەکان لە گەرمەی خۆپیشاندانەکاندا، گومانی لە ڕاستبوونی ئەو بۆچوونەدا نەهێشتەوە؛ بۆیە، خەڵک متمانەیان بە هیچکام لە باڵەکانی ڕێژیم نەماوە. دەزانن کە هەردوو باڵەکە کۆسپن لەسەر ڕێگەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی سیاسی بە قازانجی خەڵک و هەردوولا کۆسپن بۆ ڕزگاربوون لە سەرکوت و دیکتاتۆری و دزی و گەندەڵیی حکوومەتی.

ڕاپەڕینەکە حکوومەتی خراپ غافڵگیر کرد؛ قەت ئاوا بە بەربڵاوی و لێبڕاویەوە مەشرووعییەتی گشت سیستەمەکە نەکەوتۆتە ژێر پرسیار، بۆیە ڕێژیم بریندار و تووڕەیە و وەک هەموو نیزامە دیکتاتورەکانی مێژوو، بەدڵنیاییەوە هەموو ئیمکانات و ماشێنی سەرکوتی خۆی بۆ دامرکاندن و سەرکوتی خەڵکی ناڕازی وەکار دەخا.

هیچ دوور نییە ڕێژیم بتوانێ بۆ ماوەیەک، بەزۆر کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بێنێ، بەڵام گومانی تێدا نییە، دۆخەکە لەوە دەرچووە کە بتوانێ بۆ هەمیشە جووڵانەوەی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی ئەوجارە سەرکوت بکا.

هەر ئێستاش، لە شەڕ و ململانێی نێوان خەڵک و حکوومەتدا، لایەنی براوە خەڵکە! با سەرکەوتنەکە "مقطعی" و سەمبۆلیکیش بێ، چونکە: لەکاتێکدا ڕێژیم مەشرووعییەتی نەماوە و درزی گەورە کەوتۆتە نێو ڕیزەکانییەوە، خەڵک نیسبەتەن یەکپارچە و یەکگرتووە؛ ڕاپەڕینی ئەوجارە بەپێچەوانە بزووتنەوەی سەوز، لە تاران و چەند شوێنیکدا قەتیس نەمایەوە و هەموو وڵات تێیدا بەشدار بوو؛ خەڵک هەم ترسی شکاوە و هەم تابۆکانی شکاندووە؛ تەنانەت ئەگەر ئیعترازاتەکانی خەڵک بەشێوەی کاتی سەرکوتیش بکرێن، دەرچوونی خەڵک لە گەمەی ناپیرۆزی دوو بەرەی بناژۆخواز و ڕیفۆرمخواز، دەسکەوتێکی گرینگ بۆ گەلانی ئێران و شکستێکی تاڵ بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

کۆماری ئیسلامی "ماهیتا" ئەو توانا و ئیرادە و زەرفییەتەی نییە کە دەنگی خەڵک ببیستێ، بەخۆیدا بچێتەوە، واز لە سەرکوت و دزی و گەندەڵی بێنێ، ویست و داخوازەکانی خەڵک بسەلمێنێ و بەقازانجی خەڵک ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی خۆیدا دەست پێبکا.

ڕێژیم ئەوجارەش وڵامی داخوازەکانی خەڵک بە سەرکوتی زیاتر دەداتەوە؛ بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین، جموجۆڵە ئیعترازییەکان بە شێوەیەکی دیکە و توندتر و بەربڵاوتر لەو جارە سەرهەڵدەدەنەوە و زیاتر تەنگ بە کۆماری ئیسلامی هەڵدەچنن؛ بەتایبەتی کە دەشبینین ئێستا کۆمەڵگایەکی مەدەنی وشیار و ئاگا و چاوکراوە لە کوردستان و ئێران شکڵی گرتووە و لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە، ئاسۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێران ڕوونتر دەنوێنێ.

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ڕێژیمێکی سەرکوتکەر بەوەندە ناڕووخێ؛ پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتنی خەڵک بەستراوەتەوە بە مانەوەی خەڵک بە یەکڕیزی، بە وەخەبەرهاتنی ئۆپۆزسیونی ناوەندی و ڕێککەوتنی حیزبە سیاسییەکان، لەسەر پلاتفۆرمێکی دێموکراتیک و هاوبەش بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو گەلانی ئێران بە مەبەستی سازدانی ئاڵتێرناتیڤێکی گشتگیر.

چاوەڕوانیی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە ئێراندا دەکرێ و لەو پێوەندییەدا، ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەو قۆناخەدا، ئێمە بۆ ئەوەی بە وەزنی شیاوی خۆمانەوە لەو پرۆسەیەدا بەشدار بین، کاریگەریمان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێ، بتوانین دەنگی خۆمان بە کۆمەڵگەی جیهانی بگەیەنین، ئامادەیی بەرەنگاربوونەوەی پێشهاتە ئیحتمالیە نەخوازراوەکانمان هەبێ و ماف و ئازادی بۆ گەلەکەمان دەستەبەر بکەین، دەبێ بەرپرسانە هەنگاو بنێین، کۆتایی بەو پرش و بڵاوییەی ئێستامان بێنین و بە هێزی یەکگرتوو، وەک کورد بکەوینە وتووێژ و دیالۆگەوە لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکە.

هەوڵەکان بە مەبەستی یەکڕیزی و هاوکاری و بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەیی- دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئارادان؛ ئێمەش بە گەشبینییەوە، دەڕوانینە هەوڵی حیزبەکانمان لەپێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پێویست و پیرۆزەدا و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی**

**سڵاو لە خەڵکی کوردستان**

**سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان**

**سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکانمان**

**سڵاو لە زیندانییە سیاسییەکان، ڕۆڵە بە هەڵویست و خۆڕاگرەکانی گەل**

**بەردەوام بێ خەباتی حیزبە تێکۆشەرەکەمان لە پێناو وەدیهێنانی یەکجاری ئامانجەکانی کوماری کوردستاندا**

**ئێوەش ساغ و سەرکەوتوو بن**

# خەباتی ڕۆژهەڵات بەردەوامە

**گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات.**
شەهید دوکتوور قاسملوو



بەشی سێهەم

شەماڵ تەرغیبی

## خەباتی چەکداری

لەپاش هێنانە ئارای ویستە ڕەواکانی گەلی کورد، لەلایەن هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد ڕوو لە تازە بەدەسەڵات گەیشتووانی کۆماری ئیسلامی و بێ ئاکام مانەوەی هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی کورد بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ماف و ویستە ڕەوا و بەرحەقانە، ڕێبەری ڕێژیم واتە خومەینی، فتوایەکی مێژوویی و بەدناوی لەژێر ناوی جیهاد دەرکرد، کە بریتی بوو لە کووشتاری بێبەزەییانەی گەلی مافویستی کورد و قەڵاچۆکردنی هەموو ئازادیخوازان کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە؛ بەمشێوەیەش شەڕێکی نەخوازراو بەسەر گەلی کورددا سەپا.

خومەینی لە فتواکەیدا بڕیاری بە هەموو هێزە چەکدارەکانی دا، کە تا کۆتایی هاتنی کێشەی کورد لە کوردستان نەکشێنەوە؛ دوابەدوای ئەم بڕیارە ئایینییە بۆ ڕشتنی خوێنی کورد، کارەساتبارترین قۆناغی شۆڕش لە کوردستان دەستی پێکرد و خەڵک لە شار و گوندی کوردستان کەوتنە بەرپەلاماری هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم. بە هاتنە ئارای ئەم دۆخەش، گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناچار بوو بۆ پاراستنی کەرامەت و شەرافەتی نەتەوەکەی و پارێزگاری کردن لە نیشتمانی ئەهوراییی کوردان، دەس بۆ چەک ببات و فازی خەباتی چەکداری دەستی پێکرد.

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە خەباتی چەکداری، کە لە ڕاستیدا پەرچەکردارێک بوو بۆ ڕێگرتن لە ژینۆساید و تواندنەوەی سیستماتیکی کوردان لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە، سەدان لاوی کورد سینگی خۆیان کردە قەڵغان و داکۆکییان کرد لە کەرامەت و شەرافەتی نەتەوەکەیان، لە بەرامبەریشدا سەدان کەس لە بەکرێگیراو و پاسدارانی ڕێژیم بەهۆی دەسدرێژی کردنە سەر خاک و خەڵکی کوردستان لەنێو چوون.

## تێرۆر چەکی بەهێزی دەستی ڕێژیم

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کوردستان ئەزموونێکی سەخت و دژواری تێپەڕاند؛ لە زۆر بەرەوە کۆماری ئیسلامی تووشی شکست هات، بەتایبەت شکست لەباری زاڵکردنی هێژمۆنی خۆی و ئیدیۆلۆژییە چەقبەستووەکەی؛ کاتێک کە سەرانی ڕێژیمی تاران زانییان، ناتوانن بە زەبری چەک ئیرادەی گەلێک بشکێنن، لەژێر ناوی وتووێژ بۆ چارەسەری کێشەکان، لە ڕێگەی هەندێک دەستوپێوەندییەوە توانییان زەفەر بۆ ڕێبەری بلیمەت و ناوداری کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ببەن تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان بە لەنێوبردنی سەری بزووتنەوە، کۆتایی بە قەیرانی کوردەکان بهێنن.

بەمشێوەیە دوکتور قاسملوو کە بە نوخبە و ئێلیتی کۆمەڵگەی کوردستان ناسراوە، لەسەر مێزی بەناو وتووێژ، لە ڤیەنی پێتەختی ئۆتریش، لە ڕێکەوتی ۲۲ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨، لە کاتێکدا کە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وتووێژی دەکرد، لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عەبدوڵای قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، بەدەستی نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی شەهید کرا؛ لەم تیرۆرە ناجوانمێرانەیەدا دوکتور فازڵ ڕەسووڵ کوردی عێراقی و مامۆستای زانکۆ لە ڤییەنیش، بە دەستی تیرۆریستەکان شەهید کرا.

پاش شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو، کە هەتاکوو ئێستاش بەهۆی ساتوسەودای نێوان وڵاتانی ئۆرووپایی پەروەندەی تێرۆرەکەی بە نارۆونی ماوەتەوە، ڕێژیمی تاران زۆر دڵخۆش بوو کە توانیویەتی سەری کورد لێبدات و کۆتایی بە خەباتی نەتەوەی کورد بێنێ؛ غافڵ لەوەیکە پاش د. قاسملوو جێگرە بەرحەقەکەی واتە دوکتور سادق سەرەفکەندی کەلێنی بێقاسملوویی بۆ ڕزگاریخوازان پڕ دەکاتەوە و درێژە بە ڕێبازە پڕسەروەرییەکەی دەدات؛ ئەمجارەشیان دەزگای تێرۆری ڕێژیم وەخۆکەوتەوە، کاتێک زانی لە پیلانی ڕەشی تێرۆری ڤییەندا سەرکەوتوو نەبووە، پیلانی نگریسی تێرۆری بێرلینی دارشت و توانی لە ڕۆژی ١٧ی سێپتەمبری ١٩٩٢، د. سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سێ کەس لە هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس لە بێرلین، دوای کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست تێرۆر بکات.

دوکتور سادق شەرەفکەندی بوو بە قوربانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام خوێنی شەرەفکەندی رووی دزێوی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە هەموو جیهان ناساند و بەوە، سەرەڕای برینی قووڵ و سووتێنەری لە دەست چوونی ڕێبەرێکی بەوەج، یەکێک لە بەهێزترین چەکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرەوەی وڵات، لێی ئەستێندرایەوە؛ ئەمەش دوای ئەوە هات، کە دادگای سەربەخۆی میکۆنۆس و دەزگای دادپەروەری ئاڵمان بە ئەرکی دادوەرانەی خۆی هەستا و بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسییەکان، بڕیاری مێژوویی میکۆنۆسی دەرکرد.

تیرۆریی دەوڵەتی، بەشێکی جیانەکراوە لە ستراتێژی دەسەڵاتدارانی ئێران لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران، وەک "دابینکاری هێمنایەتی ناوخۆیی" و "بەرهەڵستی پێشگیرانە"ی ئەو ڕێژیمانە دژی جیابیران و خەباتکارانی نەتەوەی کورد بووە.

لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، تیرۆر وەک دیاردەیەکی ترسهێنەر لە پێناو ستراتێژی "صدور انقلاب اسلامی" بوو بە، بەشیکی نەگۆڕ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەڕاستیدا دۆکتۆرینی سەرەکی تاران؛ سەرکەوتنی رواڵەتی ڕێژیمی ئێران، لە بارمتەگرتنی ٥٥ ئەمریکایی باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩دا، کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمەی بۆ گەشەپێدانی چەکی "کارایان" زۆرتر هاندا و بوو بە هۆی ئەوەیکە بە تیرۆر و بارمتەگرتن، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکاتە مەیدانی تیرۆر و مرۆڤکوژی خۆی. لە هەشتاکانی زایینیدا بەشداری و دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی لوبنان، پشتگیری لە هێزە تیرۆریست و توندڕەوەکانی فلستینی وەک حەماس و جیهاد و حیزبوڵای لوبنان و پێشکەش کردنی ساڵانە نیو ملیۆن بەرمیل نەوت بە بێ بەرانبەر بۆ سووریا بۆ خەبات دژی "هێزەکانی ئیسرائیل"، کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردە دەسەڵاتێکی مەرگهێنەر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

بە واتایەکی گشتیتر دەتوانین بڵێین، "تیرۆر" بە مەبەستی بەکاربردن وەک هێزی گوشار بۆ سەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەشێکی جیانەکراو، لە ستراتێژی ڕێژیمی ئێرانە؛ لەو پێوەندییەدا ئێران جیا لە پشتیوانی لۆجیستیکی، پەروەردەی تیرۆریستان و بەکارهێنانیان وەک سەربازانی ونی ئیمامی زەمان، هەوڵی داوە زۆرجار ڕۆڵی نێونجیگەرایانەش بگێڕێت و بەوە ویستی خۆی لەسەر قوربانیانی تیرۆر و بارمتەگیری بسەپێنێت.

ڕێژیمی ئێرانی خاوەن ئەزموون لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، بۆ گەشەپێدانی ماشینی مرۆڤکوژی خۆی لە ماوەی ساڵانی رابردووشدا، بە دامەزراندنی سوپای قودس (لقی دەرەکی سپای پاسداران) و گەشەپێدانی "بەرگری پێشگیرانە"، تۆڕەکانی تیرۆری خۆی لە هەموو ئاستە جیهانییەکاندا بڵاو کردۆتەوە و بە بەشداری ڕاستەوخۆ، لە شەڕی ناوخۆیی سووریا لە تەنیشت ڕێژیمی ئەسەد و هاوکاری هێزەکانی تیرۆریستی شیعە، لە یەمەن و لوبنان و فلستین، تیرۆری وەک هێرش بۆ زەمینگیرکردنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئاڵوگۆڕ و گەشەکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەکار بردووە.

ئەوەیکە ئاشکرایە و حاشای لێ ناکرێت ئەوەیە کە، ڕێژیمی ئێران سیستمێکی تۆتالیتێر و سەرکوتکەرە، کە لەسەر بنەمای حاشاکردن لە جیاوازییە کولتوری، سیاسی و مەزهەبییەکان دامەزراوە؛ مۆدێلکێی ئۆرویلی (Orwellian) کە لە نێو سنوورەکانی خۆیدا، جیاوازییەکان سەرکووت و لە دەرەوەی سنوورەکانیشی، کێشە و کانفلیکتە مەزهەبی/ ئێتنیکییەکان باوەشێن دەکات و لەسەر ئەم بنەماش جێ پەنجەی بە زۆربەی ئاڵۆزی و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە دیارە؛ عێراق، سووریا، لوبنان، یەمەن و هەموو ئەو ناوچانەی بە هێڵی "هیلالی شیعە" دەناسرێن، بەشێکن لەم هاوکێشەیە.

## دۆخی خەباتی ڕۆژهەڵات پاش تێرۆری ڕێبەرانی

پڕئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی بە شەهیدکردنی ٢ ڕێبەری بلیمەتی گەلی کورد، لە کوردستانی ئێران، واتە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، توانی خەسارێکی قەرەبوونەکراو لە پەیکەری بزووتنەوەی میللی – دێموکراتیکی ئەم گەلە بدات، بەچەشنێک کە زۆرێک لە خەڵک و خەباتگێڕانی سەر بە حیزبەکەی قاسملوو و شەرەفکەندی، تووشی نیگەرانی بوون، بەڵام بەهۆی میراتێکی گرینگ کە ئەم شەهیدە مەزنانە بۆ نەسڵی دوای خۆیان بەجێیان هێشت، شۆڕشی گەلی کورد و حیزبەکەیان، کە نوێنەرایەتی ئەم خەبات و شۆڕشەی دەکرد تووشی نسکۆ نەهات؛ ئەو خاڵە جەوهەرییە کە بووە هۆی مانەوە و بەردەوامی شۆڕش بریتییە لە، چەسپاندن و جێگیر کردنی چەندین پرەنسیپی دێمۆکراتیک کە لە نێو حیزبی دێموکراتدا و تا ڕادەیەکیش لە نێو بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران و کوردستاندا، دەبیندرێن و گرینگترینیان ئەم دووانەن:

**١. "ڕێبەری بەکۆمەڵ":** لە نێو حیزبی دێموکراتدا، وەک لە سیمای دێموکراتی دوکتور قاسملوودا هاتووە، بڕیارەکان بەشێوەی "دەستە جەمعی" واتە بەکۆمەڵ دەدرێن؛ ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەگەر تەنانەت یەکێک یان چەند کەسێک لە ڕێبەرایەتی حیزب بە هەر هۆیەک لە ژیاندا نەمان یان ریزەکانی شۆڕشیان بەجێهێشت، بزووتنەوە تووشی هەرەس و نسکۆ ناکات. بۆ وێنە لە ماددەی حەوتەمی پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا هاتووە: "دارشتنی پلان و بڕیار لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین ئۆرگان، بە کۆمەڵە. تاکڕەوی و سەرەڕۆیی لە حیزبدا، جێگایان نییە."

**٢. "جێگیرکردنی دێموکراسی":** لە نێو حیزبی دێموکراتدا، کە بانگەشە بۆ دێموکراسی دەکات، کۆڵەکەی هەڵبژاردنی بەرامبەر، بوونی هەیە واتە لە نێو ئۆرگان و دامەزراوەکانی حیزبدا کە ئەرکەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەیان لە ئەستۆیە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیکەوە کارەکان ڕادەپەڕێندرێن. تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە باری زەمەنییەوە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاگەیاندنی جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری، لە پارچەیەکی نیشتمانی کوردان واتە باشوری کوردستان.

لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینیدا، کوردانی ئەم پارچەیەی نیشتمان، توانییان بەشی زۆری هەرێمی کوردستان لە چنگ سەدام حسەین و حیزبی بەعس، دەربێنن و بەشێوەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوەی ببەن؛ ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ، بەردەوامی شەڕی هێزەکانی پیشمەرگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ داگیرکەرانی ڕێژیمی ئێران، بەڵام دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو؛ پارچەیەک لە نیشتمان توانیبووی بە بەشێک لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بگات و وەک ئەرکێکی نیشتمانی پێویست بوو هەموو کوردان پارێزگاری لێ بکەن؛ لە سەر ئەساسی ئەم بیرکردنەوەیە حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی دەسکەوتی نەتەوەیی باشور و یارمەتیدان بە سەقامگیربوونی ئەم دەسەڵاتە بۆ ماوەیەکی کاتی خۆیان لە خەباتی چەکداری دوور گرت و زۆربەی هێز و توانای خۆیان تەرخانی یارمەتیدان بە سەقامگیری و پێشکەوتنی باشوری کوردستان کرد، کە لەم ڕاستایەشدا گەلێک نرخی قورسیان دا.

# تویتێک کە ترامپ هیچکات ناتوانێ بینێرێت




ن: تۆماس ئیڵ.فریدمەن
و.ڕەزا فەتحوڵانژاد

پاش ئەوەی خۆپیشاندانە توندوتیژەکانی ئەم دواییانە لە سەرانسەری ئێران تەقییەوە، سەرۆک ترامپ بەڵێنی دا، خۆی لە باراک ئۆباما جوێ بکاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی تویتە ئاشکراکانی بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران؛ بەڵام ئەو تویتانە چ کاریگەرییەکیان نەبوو. هۆکارێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ترامپ هیچکات ناتوانێ تویتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بۆ خۆپیشاندەران بنێرێت ـ تویتێک کە ڕەنگە بە پانتاییەکی بەرچاو لە سەرانسەری ئێراندا بڵاو ببێتەوە و ڕێژیمەکە بشڵەژێنێ.

**ئەو تویتانە چی دەبوون؟ شتێکی وەک ئەمە:**

@realDonaldTrum

"ئەمریکا پشتیوانی لە خۆپیشاندەرەکانی ئێران دەکات!!! بۆچی خەڵکانێکی زۆر لە قەراخ شارەکان دەژین؟؟؟ چونکە سوپای پاسدارانی ئێران بۆ چەندین دەیە بەڕێوەبەرییەکی هەڵەی لە بواری دابینکردنی ئاوەوە هەبووە. هەموو ئاوەکانیان بۆ کۆمپانیاکانیان، مۆرەکانیان، باخەکانی پستە و بەنداوە قۆڕەکانیان دزیوە!!! ئێستایش ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا و وشکساڵی هەموو ئەو بارودۆخەی خراپتریش کردووە و ئێرانییەکانی ناچار بە بەجێهێشتنی زەوییەکانیان کردووە!! خەفەتهێنەرە!!"

خۆپیشاندانەکانی ئێران لە چەندین شتەوە سەریان هەڵداوە ـ ڕۆژنامەی "تایمز" حەوتووی رابردوو داستانێکی زۆر تۆقێنەری لەبارەی ئەوەی چۆن گەندەڵی و گەندەڵکاری لە فرۆشتنی پشکی ئابووری بە قازانجی پشکدارە سەرەکییەکان لەو بانکانەی خاوەنیان ڕێژیمی مەلاکانی ئێران و هاوپەیمانەکانیەتی، بوونەتە هۆی مایە بەخەسارچوون و کڵاولەسەرچوونی هەزاران کەس و بەشێک لەوانەی کێشایە سەر شەقامەکان؛ بەڵام گەندەڵی ژینگەیی یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی تووڕەیی خەڵک بوو.

ڕێژیمی ئیسلامی و سوپای پاسدارانی شۆڕش، سەروەت و سامانی سروشتی وڵاتیان هەر بەو جۆرەی سەروەتی ئەو خەڵکەی پارەیان لەبۆ ڕۆژی تەنگانە دەخستە ئەولاوەوە، دادۆشیبوو؛ ئێستایش گۆڕانی کەشوهەوا بەشێک لە خراپترینی ئەو کاریگەرییانەی بە چەند قات زیاد کردووە.

ئەوە شتێک نییە کە سەرکۆمارێکی ئەمریکی کە پێی وایە گۆڕانی کەشوهەوایی شتێکی ناڕاستە، بتوانێ لە بارەیەوە تویت بدات ـ بەڵام ئەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زانینی ئەوەی بۆچی خۆپیشاندەرانی سەرشەقامەکان بەتایبەتی زیاتر لەو ناوچانەدا بوون کە بە تەواوی لەژێر کاریگەریی خراپی چەند هۆکاردان وەک: بایە گەرمە ویشکساڵییەکان، ڕووداوە کەشوهەواییە زۆر توندەکان و کەڵکی نادروست و نابەجێ لە ئاو، لە لایەن دەسەڵاتدارە مەلاکانی ئێرانەوە.

"نیک ئاهەنگ کەوسەر"، جیۆلۆژیستی تاراوگەنشینی ئێرانی و کوڕی زانای بواری وەرچەرخانە مێژووییەکان، کە لە باشووری ئێران گەورە بووە، دەڵێ: "کاتێک خەڵک زەوییەکانیان لە کیس دەدەن، هەموو شتێک لەدەست دەدەن و ئەوەش بەو مانایەیە، ئەوان ئیدی لە هیچ ناترسن". هەروەها دەڵێ: "قەیرانی ئاو قەیرانێکی ڕاستەقینەیە و خەریکە سەری وڵات دەخوات؛ ئێستا باران و بەفر کەمتر دەبارێ و حەشیمەت لە حاڵی زیادبوونە؛ سیاسەتی کشتوکاڵی سەقەت و بەڕێوەبەریی خراپی ئاو لە ئارادایە؛ وەکوو بۆمبێکی سەعاتی وایە." بەرپرسان پێشبینی دەکەن کە ئەگەری هەیە میلیۆنان ئێرانی پێش لە کۆتایی ئەم سەدەیە ناچار بن لە وڵات هەڵبێن.

بۆچی: هەر لە شۆڕشی ١٩٧٩ بەملاوە، ئێران ژمارەیەکی شێتانە بەنداوی هایدرۆئێلێتریکی دروست کردووە؛ بەپێی ڕاپۆرتێکی مارسی ٢٠١٥ی "فاینەنشاڵ تایمز" لەسەر ئێران "لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا، ئێران ٦٠٠ بەنداوی دروست کردووە ـ بە شێوەی نێونجی ٢٠ بەنداو لە ساڵێکدا ـ بۆ دابینکردنی ئاوی وەرزێڕی و وزە. روون نییە ئەم پڕۆژانە چەندەیان بۆ خەرج کراوە، لە کاتێکدا ئەو باوەڕە هەیە، کە لە پاش گاز و نەوت، زۆرترین تێچوویان هەبووە... زۆربەی تێچووەکەش چووەتە گیرفانی سوپای پاسدارانی شۆڕش بە هۆی ڕێککەوتننامەکانەوە. بە بۆچوونی کارناسان، بەرنامەڕێژی لاواز و چواردە ساڵ ویشکساڵی زۆرێک لەو بەنداوانەیان کردووەتە بێکەڵک و لە هەندێ حاڵەتیشدا، بوونەتە هۆی خەساری گەورەی ژینگەیی لەم وڵاتە کە بۆ خۆی نیمچەویشکە."

کاتێک بەشێک لە وەرزێڕەکان زانییان ئیدی ئاویان نییە بۆ بەرهەمەکانیان ـ چونکە لە رادەبەدەر لە بیرەکان کەڵک وەرگیرابوو، یان لە ئاوەکان لقیان کێشابوو بۆ کشتوکاڵە بازرگانییە گەورەکانی سەر بە ڕێژیم، یان ژمارەیەکی لەرادەبەدەر بەنداو دروست کرابوو و کەشوهەوای گەرمی چۆمەکانی پشت بەنداوەکان و خاکە تەڕەکانی دەورووبەریانی کەم ئاو کردبوو ـ زۆرێک لە وەرزێڕەکان بە هیوای دامەزران لە کارێک و دۆزینەوەی نان و ئاو بۆ قەراخ شارەکان کۆچیان کرد.

"دەوڵەت ئاماری دروستی ئەو ئێرانییانەی کە بەرەو قەراخ شارەکان هەڵاتوون و ئێستا لە شارۆچکە تەنەکەیی و حەسیرییەکان دەژین بەدەستەوە نادات، بەڵام دەکرێ کەمتر لە ١٦ میلیۆن کەس نەبێ، هەر لە ٢٠١٣دا پتر لە ١١ میلیۆن بووە"، ئەمە قسەی "کەوسەر"ە کە لە پەنای کارناسییەکەی لە ئاو ـ جیۆلۆژیدا، یەکێک لەو کارتۆنیستە سیاسییانەی ئێرانە، کە زۆرترین بەردەنگیان هەیە، واتە هەمان شت کە ناچاری کرد وڵات بەجێ بهێڵێ.

ئەو زیادی دەکات: "ئەو شارانەی کە بێکاریان زۆرە، بوونەتە شوێنی سەرەکی نائارامییەکان"، بەتایبەتی کاتێک دەوڵەت سوبسیدەکانی بڕیوە. وتارێکی توێژینەوەیی ٨ی ژانویەی "کلایمەت وایر" لە لایەن "سکات والدمەن"ەوە شی دەکاتەوە کە: "ئەمیر هەندجانی، ئەندامێکی پایەبەرزی ناوەندی ئاسیای باشووری شوورای ئاتلانتیک دەڵێ سەرکۆماری پێشوو، مەحموود ئەحمەدی نەژاد زانی کە گۆڕانی کەشوهەوایی و بەڕێوەبەریی خراپی ئاو بووەتە هۆی بەخەسارچوونی کشتوکاڵە بنەماڵەییەکان و دەوڵەتەکەی سوبسیدی بۆ ئەوە بنەماڵانە دابین کرد کە تەقەلایان بردنی نانێک بوو بۆ سەر سفرەکانیان.

هەندجانی دەڵێ: کاتێک سەرکۆماری هەنووکە، حەسەن ڕووحانی ئەو سیگناڵەی دا، کە دەیهەوێ ئەو قازانجە کەم بکاتەوە، خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە قەراخە ویشکەکانی شارەکانی سەرانسەری وڵات بە شەپۆلی ناڕازییان پەیوەست بوون. گۆڕانی کەشوهەوایی لە گۆڕێدایە، کەمبوونی ئاو لە ئارادایە، ئەوان ناتوانن بەرهەمەکانیان ئاو بدەن و ئێستایش ئەو بڕە پارەی دەدرێتە دەستیان لەدەستیان دەچێ. ئەوە وێکڕابوونی ئەو کێشانەیە کە پێکەوە لە یەک کاتدا سەرهەڵدەدەن".

بەپێی ڕاپۆرتێکی ١٧ی ژانویەی "لۆس ئانجێلێس تایمز" لەسەر ئێران: "لە کێوەکانی ڕۆژئاوای ئێران، پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیاری، بە زەلکاوە بە مایل بەرزەکانی، ڕووبارەکانی و ئەو خاکە تەڕانەی کە هەزاران جۆری باڵندەی کۆچەر بۆ لای خۆیان ڕاکێش دەکەن، ناسراوە؛ بەڵام بەهۆی ساڵانێک کەمبوونی باران سەرچاوەی ئاوەکانی کز بووە. بەپێی قسەی دانیشتووانی، بارودۆخەکە کاتێک خراپتر بوو کە دەستیان کرد بە هەڵگۆزینی ئاوەکە و گواستنەوەی بۆ ٦٠ مایل ئەولاتر بۆ شاری ئیسفەهان، ئەوەش نارەزایەتی لێکەوتووەتەوە کە یەکەمینیان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١٤. لە ٣٠ی دێسامبری ساڵی پاری زایینی، نزیک بە ٢٠٠ کەس لە بەردەم بینای پارێزگاردا بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە پڕۆژەی گواستنەوەی ئاو گردبوونەوەیەکیان ساز کرد. دروشمەکانیان هەر زوو گۆڕا بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر".

لە ٨ی ژانویەدا، "تهران تایمز" راپۆرتی دا، کە بەپێی راپۆرتی بەرپرسی بەشی بەڕێوەبەریی ویشکەساڵی و قەیرانەکان لە دامەزراوەی کەشوهەواناسی ئێراندا، "نزیک بە ٩٦ لە سەدی سەرانسەری ناوچەکانی ئێران بەدەست ئاستی جیاوازی ویشکەساڵی درێژەکێشراوەوە دەناڵێنن".

گۆمی ورمێ لە باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا جاران گۆمێکی مەزن بوو، بە پانتایی ٨٧ مایل. لە سەرەتای دەیەی ٩٠ی زایینیدا، هاشمی ڕەفسەنجانی کە لەو کاتەدا سەرکۆمار بوو دەستی کرد بە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر بەنداو لە دەورووبەری گۆمەکەدا، کارێک کە سەرکۆمارەکانی پاش ئەو درێژەیان دا و بەمەش ڕێژەی ئەو ئاوەیان کە دەڕژایە گۆمەکەوە دابەزاند. هەر بە هۆی ئەو بەنداوانەوە، گرووپێک لە خەڵک ـ مامەڵەچییەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕش، خەڵکانی نزیک لە وەزیری وزە و ئەو کشتوکاڵە بازرگانییە گەورانەی کە ئاوەکەیان دەدزی ـ وەک "کەوسەر" دەڵێ، زۆر دەوڵەمەند بوون.

لە وتارێکی لێکۆڵینەوەیی ئاگۆستی ٢٠١٥ی "ناشناڵ جیوگرافیک"دا هاتووە: "ئێستا ئەو گۆمە کە زەمانێک یەکێک لە گەورەترین گۆمەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، زیاتر لە وێنەی جینایەتێکی زۆر مەزن دەچێت". خوێ ویشکۆبووەکەی و لمەکەی ڕەشەبای ژەهراوییان لێدەکەوێتەوە.

ئەم داستانەی ئێران بۆ خۆی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خەریکە دووپات دەبێتەوە ـ نیگەرانییە ژینگەییەکانی ئاوێتەی تووڕەیی لە گەندەڵی و بەڕێوەبەریی خراپ سەرهەڵدانەکانیان لێدەکەوێتەوە. ئەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١١دا، نزیک بە ٦٠ لەسەدی زەوییە گەورەکانی سووریە بە هۆی خراپترین ویشکەساڵی مێژووی مۆدێڕنی ئەو وڵاتەوە لەنێو چوون. ئەوەش پاش چەندین ساڵ هەڵکێشانی بیرەکان لە لایەن کەسانی سەر بە ڕێژیمەکەوە ڕووی دا. ئەو ویشکەساڵییە، ٨٠٠ هەزار تا یەک میلیۆن وەرزێڕ و ئاژەڵداریی سووری ناچار کرد زەوی و مەڕوماڵاتیان بە جێ بهێڵن و ڕێگەی شار و شارۆچکەکانی سووریە بگرنە بەر، ئەو شوێنانەی کە ناچار بوون لەوێ بۆ کار بپارێنەوە. ڕێژیمی ئەسەد هیچی بۆ نەکردن و ئەوانیش لە نێو یەکەمین کەسەکان بوون کە پەیوەستی شۆڕشی دژی دەسەڵاتی ئەسەد بوون.

یەکەمین سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی لە توونێس لە کۆتاییەکانی ٢٠١٠ و دوابەدوای ئەو، سەرهەڵدانی میسر لە سەرەتای ٢٠١١دا، کاتێک ڕوویان دا کە نرخی خۆراک لە جیهاندا تا ئاستێکی زۆر بەرز بوویەوە، زۆرتر بە هۆی هاوکاتبوونی ڕووداوە کەشوهەواییە توندەکانەوە: ویشکەساڵی، ئاگرگرتنی دارستانەکان و لافاو لە چین، ڕووسیە، ئۆکراین، ئۆسترالیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو هەناردەی گەنمی لەو وڵاتانەوە بەرتەسک کرد؛ ئەوە بە ڕێکەوت نەبوو کە دروشمی شۆڕشی میسر "نان، ئازادی، کەرامەت" بوو.

کەوابوو، منداڵەکان! ئەگەر دەتانەوێ لە سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئێستادا تێبگەن، عەرەبی، فارسی، عێبری و تورکی بخوێنن ـ بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە، زانستی ژینگەناسی بخوێنن.

# ژن و سیاسەت

**ئاسۆ مێنبەری**

ژنان و بەشداریی لە سیاسەت و سیاسی بوون دوو چەمکن کە بوونەتە بەشێکی گرینگ لە ئەدەبیاتی رۆژانەی مرۆڤەکاندا. ئەم دوو چەمکە بە بەردەوامی لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بەپێی رادەی تێکەڵ بوون لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی کۆمەڵگە و ویستی خودی خەڵک یان وەکوو خدەیەکی رۆژانە و بە رادەی کەم و زۆر بەکاردێن. لەراستیدا بەشداری کردنی سیاسی پێوەندی بە پێگەیاندنی سیاسییەوە هەیە و ئەو پێگەیاندنە پرۆسەیێکە بۆ رێکخستن و ئامادەکردنی هاووڵاتی و تاک تا بتوانێ لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکەی خۆیدا بەشداری بکات. ئەو رۆشنبیرییە سیاسییەی کە تاک لە پێگەیاندنی سیاسیی خۆیدا بە دەستی دێنێت لە تێگەیشتنی خودی ئەو کەسە لە مافەکانی و هەروەها مافی خۆی لە بەشداری کردن لە بریاردانی سیاسیدا رۆڵێکی گەورە دەگێرێت. روونە کە بە رادەی زیادبوونی بەشداری سیاسی هاووڵاتیان، ئەوەندەش حەزی توندوتیژی سیاسی لە لای تاکەکان کەم دەبێتەوە. لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا چەند فاکتەر دەتوانن رۆڵی کاریگەریان هەبێت لەوانەش بنەماڵە، قوتابخانە، کۆمەڵ و گرووپە جۆراوجۆرەکان، دەزگا و کاناڵەکانی راگەیاندنی جەماوەری و هتد.

دەرکەی سیاسەت لە رێگەی بنەماڵە، قوتابخانە، رۆژنامەکان، تەلەفزیۆن و هەروەها ململانێیە سیاسییەکانەوە بە رووی تاکدا دەکرێتەوە و تاک لە سەر رۆڵی دەوڵەت و دەزگا و دامەزراوەکانی سەر بە دەسەڵات هەرچی زۆرتر ئاگایی پەیدا دەکات. هێنانەکایەی سیستمێکی دێمۆکراتیک لەو وڵاتانەدا کە حکوومەتێکی نادێمۆکرات و سەرکوتکەریان ئەزموون کردووە، ئەنجامەکەی تەنیا بە شکست خواردن و سەرکوت کردن گەیشتووە؛ لەم جۆرە وڵاتانەدا بنەماڵەکان بەردەوام ئەوە بە گوێی منداڵەکانیاندا دەچرپێنن کە کاریان بە سیاسەتەوە نەبێت و بەشداریی تێدا نەکەن، نموونەی بەرچاوی ئەم وڵاتانە و ئەم کۆمەڵگەیانە، کۆمەڵگەی کوردەوارییە.

بەدرێژایی مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا و هاوکات لەگەڵ بەشداری تاکەکان لە سیاسەت و دنیای سیاسەتدا، زۆرێک لە بنەماڵەکان پێش بە بەشداری منداڵەکانیان لە سیاسەتدا دەگرن؛ لە راستیدا دنیای سیاسەت و ئەو گەرمەبازاڕەی دەسەڵات و دەسەڵاتخوازییە و هەروەها قوربانیدان و ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی کە لە دنیای سیاسەتدا دەبینرێن دەبنە هۆی دروستبوونی ترس و دڵەڕاوکێ لە خێزانەکاندا و ئەبنە هۆکارێکی گەورە بۆ پێشگرتن لە بەشداری سیاسی نەوەی نوێ. ئەم پێشگرتن و



رێگری کردنە لە کۆمەڵگەدا زیاتر لە پیاوان بۆ ژنان دێتە ئاراوە. نەریتی بوونی کۆمەڵگەی کوردستان و هەبوونی بیروباوەڕە دواکەوتووەکان و هەروەها دوورخستنەوە و رێگەنەدان بە ژنان بۆ بەشداری کردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە و هەروەها هێنانە خوارەوەی ئاستی باوەڕبەخۆبوونی ژنان ئەو فاکتەرە گرینگ و بەرچاوانەن کە بەداخەوە بوونەتە هۆی ئەوەیکە ژنان هەمیشە وەکوو نیوەیەکی لاواز و بێدەسەڵات لە کۆمەڵگەدا بێنە پێش چاو، بۆیە زۆر کەمن ئەو ژنانەی کە توانیبێتیان خۆیان لە باری سیاسییەوە

پێ بگەیێنن و بتوانن لە داهاتووی نەتەوەکەیاندا بەشداری چالاکیان هەبێت.

هەبوونی دەوڵەتە تۆتالیتێر و سەرکوتکەرەکانیش دەورێکی هەرە گرینگ لە دواکەوتوویی سیاسی ژناندا دەگێرن، هەر لەم پێوەندییەدا بەپێی مادەی ۲۱ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا، راستەوخۆ یان لە رێگەی ئەو نوێنەرانەوە کە بە ئازادی هەڵبژێردراون بەشداری بکات، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە زۆربەی وڵاتەکاندا و بە تایبەت

وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، سەرەڕای قەبووڵ کردنی جاڕنامەی جیهانی و بەرپرسیاربوون لە هەمبەر بەڕێوەبردنی خاڵەکانی، نەتەنیا دەرفەت بە ژنان نەدراوە تاکوو خۆیان ببیننەوە، بەڵکوو زۆربەی کاتەکانیش تەنیا وەکوو کەرەستەیەک لە لایەن دەسەڵاتداران و لە پێناو بەرژەوەندی ئەواندا بە کارهێنراون، کە لەمبارەیەوە دنیای سەرمایەداریش وەکوو نموونەیەکی بەرچاو دەتوانێ ئاماژەی پێ بکرێت. هەڵبەت باشتر وایە کە ئەو بەشداری نەکردنە یان دەرفەت نەدانە بۆ بەشداری کردن تەنیا لە رووی حەز و ئارەزووی دەسەڵاتخوازانەی حاکم و دەسەڵاتدارەکانەوە لێک نەدرێتەوە، بەڵکوو پێویستە سەرنجی ئەو کولتووره سیاسییەش بدرێت کە لە نێو کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا بۆمان دەردەکەوێ کە سیستمی ئایینیش سەرکوتکەرە، چونکە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی سەرکوتکەردایە، کەوایە لەم جۆرە سیستمەدا بنەماڵەیش دەبێتە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار و سەرکوتکەر کە خوازراو یان نەخوازراو لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتدا هەنگاو هەڵدەگرێت.

بەشداری سیاسی لای تاکەکان بەشدارییەکی ئازادانە و دڵخوازە و لە پرۆسەیەکی وەهادا تاک، ئیرادە و ویستی ئازادی هەیە و تەنیا خۆی دەتوانێ ئاستی چالاکییەکانی لە ژیانی سیاسیدا دەسنیشان بکات، بە دڵنیاییەوە هەموو چەشنە بەشداری کردنێکی سیاسی دەبێ، ئامانجی بە جێهێشتنی کاریگەریی لە سەر بڕیاری سیاسی و ژیانی سیاسیدا بێت؛ بۆیە دەبێ ژنان وەکوو بەشێکی گرینگ و کارتێکەری کۆمەڵگە و بە ئاگادار بوون لە کاریگەری بەرچاو و پۆزتیڤی خۆیان لە بارودۆخی کۆمەڵگەدا، هەوڵی ئەوە بدەن کە بە هەبوون و بەشداری کردنیان لە کاروباری سیاسیدا بەرزترین ئاستی چالاکیان لە گۆڕانی ئەرێنی بارودۆخی کۆمەڵگە بە گشتی و بارودۆخی تایبەتی خۆیان وەک ژن بێت.

دیارە ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانە و خەسارناسانەوە سەرنجی بابەتەکە بدەین، دەبینین کە خودی ژنان لەو بەشدار نەبوون و لە پەراوێزبوونەدا تاوانباری سەرەکین. ئەمە راستە کە فاکتەرەکانی گوشار بۆ سەر ژنان زۆرن و بەگشتی کردەوەکان و تەنانەت بیرکردنەوەشیان سنووردار دەکرێنەوە، بەڵام نابێ ئەو حەقیقەتە لە بیر بکەین کە هەمیشە و لە هەر بارودۆخێکدا پرۆسەی گۆڕان دەتوانێ کاریگەری خۆی لە سەر پرسەکان دابنێت و بێ گومان ئەو گۆڕانە خۆی لە خۆیدا نرخی دەوێت و پێویستە ژنان لەو پێوەندییەدا رۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕن و بە گرینگیدان بە هەلومەرج، خۆیان لە ئاستەکانی سەرەوەی کۆمەڵدا ببیننەوە و هەبوون و دەوری خۆیان لە کارگێڕی و گۆڕاندا بە هەموو چەشنە کردەوەیەکی بیرمەندانە بسەلمێنن.

# ئەدەب لە سیاسەتی بەرپرسانی رێژیمدا

**مینا**



"ئەدەب"، وشەیەکە کە بیسەر یان خوێنەر بە بیستنی چ بە شێوەی "شهودی" و چ بە جۆری "منطقی" کۆمەڵێک نۆرمی پڕ بەهای دەکەوێتە مێشک کە هەر مرۆڤێک بە بوونی ئەو بەهایە، کەسایەتییەکی قورس و جێگەی متمانە پەیدا دەکات و لە لای خەڵکی دیکە وەک مرۆڤێکی باش سەیری دەکرێت و حورمەتی لێدەگیرێت؛ ئەدەب بەنرخترین سەرمایە و میراتی ژیانی مرۆڤایەتییە کە مرۆڤ لەگەڵ ژیانی خۆیدا بە کۆڵی دەکێشێت.

دەڵێن: "ادب مرد، بە ز دولت اوست"؛ ئە و ە ش دەرخەری ئەوەیە کە لە سەرجەم هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ شتێک جوانتر و سەرنجڕاکێشتر لە ئەدەب نییە کە مرۆڤەکان لە بەرانبەر یەکتردا رەچاوی دەکەن. کاتێک باس لەو وشەیە دەکرێت هەموو جۆرەکانی ئەدەب لەوانەش جۆری قسەکردن، رێگە رۆیشتن، هەڵسوکەوت، چاولێکردن، داواکاری، پرسیار، وڵام، خواردن و... لە خۆ دەگرێت کە زۆر جار بۆ پێناسەکردنی ئەو وشەیە لە پێوەندییەکاندا تا سنوورێکی نارۆون و پێناسە نەکراو هەنگاو دەنێت.

ئێستا ئەو ئەدەبەی کە ئێمە وەک بەهایەک و سیفەتیکی باش بۆ مرۆڤ باسی لێوە دەکەین، لە دەسەڵاتی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا و لای کاربەدەستانی ئەو رێژیمە خۆی لە کوێدا دەبینێتەوە؟! ئەگەر ئەدەب "اکتسابی" بێت بۆ لێی بێبەش و ئەگەریش "نفس"یە، بۆچی لە "ذاتی" ئەو کەسانەدا نییە. بەڕاستی پرسیار لەوەدایە کە بۆچی بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بواری ئەدەبدا زۆر لاوازن و هەرچی بیکەن و بیلێن لایان گرینگ نییە.

ئەوەیکە لێرەدا دەمهەوێ باسی بکەم ئەوەیە، کە بەشێک لە ئەدەب خۆی لە نێو فەرهەنگدا دەبینێتەوە؛ مێژووی وڵاتێک، سەرمایەی فەرهەنگی و میراتی مێژوویی خەڵکی ئەو وڵاتەیە کە تێیدا دەژین وبەم پێیەش گرینگی و کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە. دیسان پرسیار ئەوەیە ئەگەر بەرپرسانی ئەو رێژیمە باس لە "تمدن دیرینە و آریایی" دەکەن کە خاوەنی مێژوو و فەرهەنگێکی قورس و قایمن ئەی بۆچی لە قسەکردندا وەک کەسێکی "دیمی" لێدوان دەدەن. باسی ئەدەب لە قسە وکرداری بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران پێوەندی بە ئێستا یان چەند ساڵی رابردوو نییە، بەڵکوو هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو کاربەدەستانەی رێژیم، "بێ ئەدەبی سیاسی" بوونی هەبووە و درێژەشی پێدەدەن. ئەوەش وا وێدەچێت کە لە ئایەتوڵا خومەینی بە میراتیان وەرگرتبێت؛ چونکە لە قسە و لێدوانەکانی ئەو کەسایەتییە مەزهەبییەدا دەردەکەوێت کە ناوبراو تا چ رادەیەک لە قسەکردن پاراو بووە و بە توێژەوە قسەی بێژتووە.

لە ئێستاشدا لە بەرپرسانی ئەو رێژیمە دیارە کە وەک ئەمەگناسییەک بۆ رێبەرە مەزهەبییەکەیان چەند پابەندن و نایانهەوێ ئەو رێچکەیە بەردەن و درێژەی پێبدەن؛ چونکە لە هەر حاڵەتێکدا قسەیەکی ناحەز و دوور لە کەسێکی سیاسی بە خەڵک و نەتەوەکانی دیکە دەڵێن و بە شانازییەوە لە میدیاکانی خۆیاندا بڵاوی دەکەنەوە و شانازیشی پێوە دەکەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە خۆیان بەرنامەی ئەدەب و فەرهەنگ بۆ خەڵک دادەرێژن و باس لە "گفتگوی تمدنها" دەکەن، کە زیاتر لە گاڵتەجاڕ دەچێت تا راستی.

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا کە خەڵک دژی رێژیمی ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتی دیکتاتۆری - مەزهەبی ویلایەتی فەقیهی راپەڕین، وەک هەمیشە لە نزمترین تا باڵاترین بەرپرسانی ئەو رێژیمە قسە و تۆمەتیان وەپاڵ خەڵک دا و بەو بیانووە سەرکوتی خۆیان سەپاندەوە. لەو بارەیەوە رێبەری رێژیمی ئێران "عەلی خامنەیی" بە خۆپیشاندەرانی گوت ئەو کەسانە "گۆپاڵ بەدەستی بێگانەن، خەڵکی بەکرێگیراون، یە مشت زبالە هستند"، "علم الهدی" باسی لەوە کرد "اراذل و اوباش" رژاونەتە سەر شەقامەکان، فەرماندە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی رێژیم هەر کامەیان ئیدعای ئەوەیان کرد کە خۆپیشاندەران "بەکرێگیراو و داردەستی بێگانەن"، "کازم سدیقی" پێشنوێژی هەینی تاران گوتوویەتی: "خۆپیشاندەران بزن و گوێرەکەن"، "احمدی نژاد" گوتبووی ئەو کەسانە "خس و خاشاکن" و "جنتی" رایگەیاند کە ئەو کەسانە "ایادی استکبار"ن و زۆربەی بەرپرسانی دیکەش هەر کامیان بەو جۆرەی پێیان خۆش بووە قسەیان لەبارەی خەڵکدا گوتووە؛ لەهەمووشی گاڵتەئامێزتر لە چەند رۆژی رابردوو "محسنی اژەای" وتەبێژی دەزگای قەزایی رێژیم لە دانیشتنێکدا "فیتوو"ی لێ دەدا و دەیگوت دەبێ فێربن کە چۆن فیتوو لێ دەن تا زار و لێوتان زەلام نەبێت.

یەکێک لە ئەنجامەکانی قسەی ناحەز و جنێودان لەلایەن بەرپرسانی هەر وڵاتێکەوە بۆ "فساد سیاسی" لەو دەسەڵاتە دەگەڕێتەوە، کە لەو حاڵەتەدا خەڵک توانای لێک جیاکردنەوەی "چاک" و "خراپ"ی نییە و ئامانجی خۆی بزر دەکات. هەموو رێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆ ئەوەیکە خەڵک لە داخوازییەکانیان پەشیمان بکەنەوە سەمبول و ئەرزشەکانی ئەو خەڵکە بە شتێکی خراپ و قێزەون لە قەڵەم دەدەن. ئەو رێژیمانە بە گشتی وشە و چەمکی باش، کە خەڵک دەتوانێت پێوەندییان لەگەڵ دروست بکات و بە ئامانجی راستەقینەی خۆیان بگەن، لادەبەن یان وشەی تایبەتی خۆیان دادەنێن.

ئەوەیکە ئێستا لە میدیا و بڵاوکراوەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا دەبینین و دەبیستین، دەرخەری ئەو راستییەیە کە کاربەدەستانی رێژیم لە هەر بوارێکدا بێت لە "ادب و نزاکت"ی قسەکردن و هەڵسوکەوتدا زۆر لاواز یان هەر بێبەشن؛ هەروەها بەرپرسانی ئەو رێژیمە لە رێگەی تایبەتی خۆیانەوە بێ ئەدەبی "گفتار و کردار"ی خۆیان دەخەنە نێو کۆمەڵگە و پەرەی پێدەدەن هەر بۆیە ئەخلاقی راست و گونجاو لە جوغرافیای ئێراندا بە نزمترین ئاستی خۆی گەیشتووە.

# گوڵوەنی، هێمای خۆڕاگریی نەتەوەیەکە

ژیلا موستەئجێر

فەرهەنگ هەموو بەها، ڕەوت و نموونە ڕەفتارییەکانی نێو کۆمەڵگەیەک لەخۆ دەگرێت و وڵات و نەتەوەکان لە یەک جیا دەکات، ئەگەرنا هەموو کۆمەڵگەکانی ئەم جیهانە دەبوو وەکوو یەک بن.

یەکێک لە فەرهەنگەکانی کۆمەڵگە بێگومان جۆری جل پۆشینی ئەو کۆمەڵگەیەیە، لە یەکەمین هێماکانی هەر کۆمەڵگەیەک و ناساندنی هەر نەتەوەیەک جلوبەرگ و جۆری پۆشینی جلی تاکەکانی کۆمەڵگەیە.

لە هەموو جیهان کاتێک بتهەوێ باسی شوناس و فەرهەنگی نەتەوەیەک بکەی، یەکێک لە ئاماژەکان باس لەسەر جلوبەرگی ئەو نەتەوەیە، نەتەوەی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو هەموو نەتەوەکان، سەرەڕای ژێردەستە بوون و هەوڵی بەربڵاوی داگیرکەر بۆ ئاسیمیلەی فەرهەنگی، توانیویەتی بە باشترین شێوە فەرهەنگی ڕەسەنی خۆی بپارێزێت؛ یەک لەوانەش پاراستنی جلی کوردەواری لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەم ڕاپۆرتە هەوڵ دەدات تایبەتمەندی یەکێک لە جلوبەرگەکانی کرماشان کە ناوچەیەکە بەهۆی فرە کلتووری، ئایینی و زمانی و هەروەها ستراتیژی داگیرکەر، زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان کەوتووەتە بەر سیاسەتی ئاسیمیلە، شرۆڤە بکات.

جلوبەرگێک کە بەپێی نەخش و دیزاینەکەی مێژوویەکی ۳ هەزارساڵەی هەیە و ژنان و پیاوانی ناوچەی باشووری زاگرۆس لە دەوری سەر بە شێوازی جۆراوجۆر دەیبەستن. سەروەن، سەروێن یان گوڵوەنی، دەسماڵێکی هەورێشمی و چوار گۆشەیە کە ژنان و پیاوان لە ناوەندی سەریانەوە بە لای چەپ و ڕاستدا دەیبەن و دیسانەوە لە ناوەندی سەریانەوە گرێی دەدەن.

جۆری بەستنی سەروێن یان گوڵوەنی بەپێی ئەوەی لە چ ڕێوڕەسمێک و لە چ بۆنەیەکدا بەشداری بکەی جیاواز بووە و ئێستاش ئەم جیاوازییە هەر هەیە، بۆ نموونە ژنە لوڕەکان لە کاتێکدا کە دەچوونە زەماوەند یان لە کاتی کەیخوایی کردندا شێوازی بەستنی گوڵوەنییەکەیان جیاواز بووە. جۆری ئەم جیاوازییەش زۆرتر لە شێوازی گرێ و درێژی و کورتی گوڵوەنییەکەدا دەردەکەوێت. لە زەماوەند و ڕێوڕەسمە خۆشییەکاندا ڕەنگی گوڵوەنییەکان ڕۆشنتر و گوڵوەنییەکان درێژتر بوون، لە کاتی سەرەخۆشیشدا گوڵوەنی بچووکتر و کورتتر دەبەسترێت.

ئەم جیاوازییە جیا لە ڕێوڕەسمەکان لە نێو هۆزەکانی باشووری زاگرۆسیش دەبینرێ و بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی سەروێن، چەندین ناوی هەبێت و مۆدێلی بەستنیشی جیاواز بێت؛ بۆنموونە خەڵکی کەلهوڕ، گوڵوەنی بۆ بەستنی سەروێن بەکاردێنن بە جۆرێک کە گوڵوەنی یەکێک لە کەرەستەکانی سەروێنە و خودی سەروێن لە گوڵوەنی و کەساری پێک دێت، بەڵام خەڵکی ناوچەی لوڕستان تەنیا گوڵوەنی دەبەستن. ئەم دەسماڵە هەورێشمیە تەنانەت ب پێی ڕەنگیش جیا دەکرێتەوە. ئەو دەسماڵانەی کە قەراخەکەیان ڕەنگی سوور بێت "عەلیخانی" و ئەو دەسماڵانەی کە قەراخیان ڕەنگی قاوەیی بێت"تاکاری" و ئەو دەسماڵانەی سپی و سوور بن "گوڵوەنی" یان پێ دەوترێت. شایانی باسە ڕەنگی ئەو گوڵوەنییەی کە لە سەرەخۆشیەکاندا بەکاردێت ڕەشە.

لەم پەیوەندیەدا "ئاراس جەواد"، ڕۆژنامەنووس و چالاکێکی ناسراوی ناوچەی ئیلام و کرماشان بە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ڕاگەیاند: گوڵوەنی سەروەنی تایبەت بە ژنانی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لوڕستانیش بەشێکە لەو ناوچەیە، بۆیە گوڵوەنی لە کرماشان و ئیلام و لوڕستان و ناوچەکانی دیکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمان گوڵوەنییە، بەڵام لەوانەیە لە هەندێک شوێندا، نەخش و نیگارەکەی یان ڕەنگەکەی، یاخود شێوازی بەستنەکەی کەمێک جیاواز بێت.

ئاراس ئاماژە بە ناوی گوڵوەنی دەکات و دەڵێت: نەخش و نیگار و ڕەنگی گوڵوەنییەکان، سیمبولی جوانی و ڕازاوەیین، هەروەک لە ناوەکەشیەوە دیارە، گوڵ +وەنی یان گوڵ+بەندی، هەروەک چۆن گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان سیمبول و هێمای جوانی و ناسکی و ڕازاوەیین، نەخش و نیگاری گوڵوەنیش هێمای جوانی و ناسکی و ڕازاوەیی ژنانی ناوچەکانی کوردە.

سەبارەت بەوەیکە پیاوانیش گوڵوەنی دەبەستن و شێواز و جۆرەکەی ئایا لەگەڵ گوڵوەنی ژنان جیاوازیەکی هەیە، ئاراس وتی: گوڵوەنی لە ناوچەکانی ئێمەدا تەنیا تایبەتە بە ژنان و بۆ پیاو بەکارناهێنرێت. لە هەندێك لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنان لە جێگەی گوڵوەنی، دەسماڵێك دەبەستن بە سەریانەوە کە لە هەندێك ناوچەدا پێی دەگوترێت (مشکی) و لە هەندێك ناوچەی تریشدا پێی دەڵێن (دەسماڵ سەر) یاخود (بیم). مشکی وەکوو گوڵوەنی تەنیا تایبەت بە خانمان نییە، بەڵکوو پیاوانیش دەیبەستن بە سەریانەوە.

خاتوو "نێدا پورکەلهوڕی" لە چالاکانی فەرهەنگی ناسراوی ناوچەی کرماشان بەتایبەت ناوچە کەلهوڕنشینەکان لەبارەی نەخش و نگاری دەسماڵی گوڵوەنی بە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ڕاگەیاند: گوڵوەنی چەند جۆر نەخشی هەیە کە سەرەکیترین نەخش، لە بەرگ و



گوڵی گیایەک بە ناوی "موورت" گیراوە.

ئەو دەڵێت گیای موورت لە باوەڕی کوردان و بە تایبەت کرماشانییەکان ڕیشەیەکی پیرۆزی هەیە، هەروەها کە سەروەن بۆ ژنانی کورد هێمای کەسایەتی هەیە، ژنانی گەورەماڵەکان سەروەنەکانیان گەورەتر بووە، لە ..

..و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو هێمایەک بۆ خەبات و نیشانەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی نوێی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەڵکیان لێوەرگرت.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئێران، گوڵوەنی وەکوو هێمایەک بۆ بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات هەڵبژاردووە؛ لە زۆربەی چالاکی و ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ژنان وەکوو ڕەمزێک کەڵک لە گوڵوەنی وەردەگیردرێ.

خاتوو فاتمە عوسمانی سکرتێریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەوە دەڵێ " لە کاتێکدا بزووتنەوەی ژنان زیاتر لە۷۰ ساڵ مێژووی تێکۆشانی بۆ خۆی تۆمار کردووە، بەڵام هیچ ڕەمز و هێمایەک بۆ ئەم بزووتنەوە نەبوو، بیرمان لەوە کردەوە کە نیشانەیەک هاوتای ڕەمزی جامانە بۆ ژنان هەڵبژێرین، گوڵوەنی باشترین و بەهێزترین بژاردەی ئێمە بوو".

خاتوو فاتمە دەڵێت: گوڵوەنی لە کۆنەوە یەکێک لە کەرەستە جلوبەرگییەکانی ژنان لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵات بووە و بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئێمە نەخش و تەرحی گوڵوەنی باس لە خۆڕاگری و مانەوەو بەردەوام بوونی نەتەوەیەک دەکات.

سکرتێری یەکیەتیی ژنان لە کۆتاییدا دەڵێت سەرەڕای ئەوەیکە بەکارهێنانی گوڵوەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باوە، بەڵام ئێستە لە بۆنە و ڕێوڕەسمە تایبەتەکانی ژنان یان هەر چەشنە چالاکییەکی ناوخۆ، ژنانی ڕۆژهەڵات لەم هێمایە وەکوو ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی ژنان کەڵک وەردەگرن.

ساڵی ڕابردوو دوابەدوای ئەوەیکە ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆبوونەوە و هەوڵیان دا خەباتێکی هاوبەش بەناوی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئازادی ژنان و دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی و بەرابەری وەڕێ بخەن، لە کاتی ڕاگەیاندنی چالاکی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران، بەکارهێنانی گوڵوەنییان وەکوو هێمایەک بۆ ئەم خەباتە گشتگیرە هەڵبژارد و داوایان لە پیاوان و ژنان کرد تا لە چوارچێوەی کەمپەینی "لەپێناو ژنانی وڵاتەکەم شار چۆڵ دەکەم" بۆ پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی ژنان و دژ بە هەموو ئەو هەڵوێست و ڕەفتارە دژ بە یەکسانی و ژنانەی کە ڕێژیمی ئێران لە بەرامبەر ژنان ئەنجامی دەدا، بە بایکۆت کردنی هەڵبژاردن لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ڕوو لە چیا و دەشتەکانی کوردستان بکەن و بەشداری هەڵبژاردن نەکەن.

چەند ساڵ پێش، دوای هەوڵ و تەقەلای کچانی لوڕستانی لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی گوڵوەنی، ڕۆژی ۲۶ بانەمەڕ وەکوو ڕۆژی سەروەن و گوڵوەنی دیاری کراوە. لەم ڕۆژەدا ژنان و کچانی لوڕستان بە بەستنی گوڵوەنی ڕێوڕەسمێک بەڕێوە دەبەن و هەوڵ دەدەن ئەم بەرگە ڕەسەنە بپارێزن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گوڵوەنی ئەوەیە کە جیا لە هەموو جلەکانی دیکەی کوردەواری، بەشێوەی گشتی نە نەخش و نیگار و نە شێوازی بەستنی گوڵوەنی گۆڕینی بەسەردا نەهاتووە.

## مردنی منداڵان
## لە سەرما لە ژێر خێوەتەکان لە کرماشان بەردەوامە



بە هۆی سەرما لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان، چەندین کەس هەتا ئێستە گیانیان لەدەست داوە.

بە هۆی کەمتەرخەمییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان، چەندین کەس بە هۆی نەبوونی کانێکس و پێداویستی گەرمایی و نەخۆشخانە، لە سەرما گیانیان لەدەست داوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوویشدا منداڵێکی تەمەن ۲ ساڵ بە ناوی "سارینا" لە سەرما گیانی لەدەست دا.

هەروەها ڕۆژی ڕابردوویش ڕێکەوتی ٦ی بەفرانباری ۱۳۹٦ی هەتاوی، منداڵێکی ٤ مانگە بە نێوی "محەممەد سەیفووری" گیانی لەدەست داوە و هەواڵی گیان لەدەستدانی کچێکی تەمەن ۱۷ ساڵ بە ناوی "نوشین محەممەدی"ش بە هۆی سەرما بڵاو بووەتەوە.

هەتا ئێستە ئامارێکی ڕوون لە گیان لەدەستدانی بوومەلەرزەلێدراوەکان لە لایەن ڕێژیمەوە بڵاو نەبووەتەوە و تەنانەت زۆر هەواڵدەریی ڕێژیم ڕەتی کردۆتەوە، کە بە هۆی سەرما کەسێک گیانی لەدەست دابێت، بەڵام "قاسم جاسمی" نوێنەری کرماشان ڕاگەیاندووە، کە گیان لەدەستدانی ئەو چەند کەسە بە هۆی سەرماوە بووە، هەروەها چەند ڕۆژ پێش، یەکێکی دیکە لە نوێنەرانی کرماشان بە ناوی" شەهاب نادری" هەواڵی مردنی چەندین کەسی بە هۆی سەرماوە پشتڕاست کردۆتەوە.

بارودۆخی بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان، لە وەرزی سەرما بە هۆی نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان و بەرگەنەگرتنی خێوەتەکان لە بەرامبەر سەرماوە نالکەبارە و گیانی لێقەوماوان بەتایبەت منداڵان لە مەترسی دایە و زیاتر لە دوو مانگە ڕێژیم کانێکسی بە ڕادەی پێویست لەو ناوچانە دابەش نەکردووە، تەنانەت لە گوندەکان خەڵک خێوەتیان وەرنەگرتووە و خۆیان سەرپەنایان دروست کردووە.

## دەشتەکانی کرماشان لە بێئاویدا بەسەر دەبەن



بە هۆی وشکبوونی سەرچاوە ئاوییەکان لە دەشتە گەورەکانی پارێزگای کرماشان کشتوکاڵ قەدەغە کرا.

بە هۆی بەنداو سازکردنی ناشارەزایانە و گواستنەوەی ئاوی ئەو بەنداوانەی کوردستان بۆ بیاوانەکانی ناوەندی ئێران، زاگرۆس ڕووی لە وشکبوون کردووە و ژینگەی کوردستان لەگەڵ مەترسی بەبیاوان بوونە.

ڕێژیمی ئێران بە دارشتنی پیلانێکی نامرۆڤانە لە چەند دەیەی ڕابردوودا، بە ئامانجی گواستنەوەی ئاوەکانی زاگرۆس، بە بەنداو دروست کردن و کاناڵ لێدان، ئاراستەی ئاوەکانی زاگرۆسی بەرەو ناوەندی ئێران گۆڕیوە و بۆ ڕزگار کردنی بیاوانەکانی ناوەندی، خەریکە زاگرۆس کە لە گرنگترین سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لەنێو دەبات.

بە وتەی محەممەدڕەزا شەهلایی، جێگری بەشی پاراستن و وەبەرهێنانی شیرکەتی ئاوی کرماشان، بە هۆی کەمبوونی ئاوە ژێرزەوییەکانی کرماشان، لە هەشت دەشتی ئەم پارێزگایە کشتوکاڵ و بەکارهێنانی ئاو قەدەغە کراوە.

بە وتەی ئەو بەرپرسەی ڕێژیم، دەشتە قەدەغە کراوەکان بریتین لە: دەشتی کەنگاوەر، مایەشت، ڕەوانسەر، سنجاوی، حەسەناوا، شیان، شائاباد، قەڵا شایین و دوو ناوچەی دەشتی زەهاون، کە ڕوویان لە وشکبوون کردووە و تەنیا کارێک کە ڕێژیم کردوویەتی، پێش لە کشتوکاڵ لەو ناوچانە دەگرێت.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەو ناوچانە لە دەشتە سەرەکییەکانی زاگرۆسن، کە سەرچاوە گرنگەکانی وەرزێڕی لە کوردستانن و وشکبوونیان نە تەنیا زەربە لە ژینگەی کوردستان دەدات، بەڵکوو کاریگەری خراپ لەسەر ئابووریی خەڵکی ئەو ناوچانە دادەنێت کە بژیوی ژیانیان لەسەر کشتوکاڵە.

# خۆپیشاندانەکان چیمان لێدەخوازن؟



قادر ئەلیاسی

دوای خۆپیشاندانەکانی مانگی رابردووی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی دووشەممەوە، ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی١٣٩٦ی هەتاوی(٢٠١٨/١/٢٩) جارێکیتر ئەو نارەزاییەتیانە سەری هەڵداوەتەوە؛ بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ، خەڵکی ئێران لە شارەکانی برووجێرد، ئیسفەهان، شیراز و ماهشەهر دژی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی خۆپیشاندانیان کردووە. لە پاڵ ئەم خۆپیشاندانانەدا و وێڕای مانگرتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی هاتووچۆ و بەشەکانی دیکە، کچان و ژنانی ئازادیخوازی وڵات بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان کە بە سەرپۆشی زۆرەملێی دەزانن، ڕۆژانە لە سەر بەرزایی شەقامەکان رادەوەستن. ئەم هەنگاوەیان هەم دژایەتییە لەگەڵ سەرپۆش و حیجابی ئیجباری و هەم هاودەردی و هاودەنگییە لەگەڵ ویدا موەحێد کە لە خۆپیشاندانەکانی مانگی بەفرانباردا بە لابردنی لەچکەکەی سەری و هەڵکردنی بوو بە ئاڵاهەڵگری ئەو شێوە خەباتە.

لە سەر یەک، هۆکاری سەرهەڵدانەوەی ئەم خۆپیشاندانانە دەگەڕێتەوە بۆ نائومێدی خەڵک لە شێوەی دەسەڵاتداری نابەرپرسانەی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە؛ چوونکە خەڵک دەزانن کە ڕێژیم لە تەواوەیتی خۆیدا هیچ بەرنامەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات نییە. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵک لەوە بە ڕوونی تێگەیشتوون کە باڵەکانی ڕێژیم بە ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازەوە لە پاراستنی ئەو چوارچێوە داسەپێنراوەدا کە ناوی کۆماری ئیسلامییە، بەشدار و داکۆکیکارن. ئەوەی لەو نێوەدا ونە، مافی خەڵک و ئاوڕدانەوە لە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییە.

بەپێی نیشانەکان، ئەم سەرهەڵدانانە تا لابردنی ئەو ڕێژیمە درێژەی دەبێ. چوونکە دروشمەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی دژی گەلی نیزامدا وەستاوە. ئەوەتا دیسان دروشمگەلی وەک مردن بۆ دیکتاتۆر، نەمان بۆ خامنەیی، ڕیفۆرمخوازان - بناژۆخوازان ئیتر بەسە لەگەڵتان سازان( اصلاح طلب، اصولگرا، دیگر تمام است ماجرا) سەری هەڵداوەتەوە. ڕەنگە سەرکوت و گرتن و لێدان و کوشتن ڕەوتەکە هەندێ جار کز بکا، بەڵام وەستانی بۆ نییە. ئەگەر شەپکە هێندە بۆ ڕێژیمی ئاخوندی توندە، ئێمەی کورد دەبێ چی بکەین؟

کورد لە ناوخۆ ئەرکی خۆی بەباشی دەزانێ، ئەگەر ڕێکخستنێکی کارا و خاوەن بەرنامە هەبێ. ڕۆژی شەممە، ٣٠ی بەفرانباری١٣٩٦ی هـ(٢٠١٨/١/٢٠) ناوەندێک لە ژێر ناوی "ناوەندی هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" پێکهات. ئەم ناوەندە بە پێی بەرنامەی کارەکەیان کە لەو ڕۆژەدا ڕاگەیەندرا، هەنگاوێکی باشە، بەڵام زۆر کەمە. بۆ ئەوەی کورد بە ئامادەییەوە بەپیری ئەم دەرفەتەوە بچێ، پێویستە هەنگاوی کردەیی بۆ پێکهێنانی بەرە یان دامەزراوەیەکی خاوەن دەسەڵاتتر هەڵگرێ، واتە هەموو هێزی پێشمەرگەی لایەنەکان(بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕێژەی کەمی و زۆری لایەنەکان) لەژێر فەرمانی یەک فەرماندەییدا کۆبکرێتەوە و شوورا یان ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەریی بۆ دەست نیشان بکرێ. لەباری تەشکیلاتییەوە ژوورێکی چالاک بۆ وەگەڕخستنی جووڵەی ناوخۆ لەبەرچاو بگیرێ، لە گەڵ ئەوەی هەر هێز و لایەنێک قورسایی خۆی هەیە و دەبێ، بە دەرس وەرگرتن لە هەڵەکانی باشووری کوردستان، بە گیانی "کوردستانی" کار بۆ سەرخستنی ئەرکەکان بکرێ و هێزە گەورەکان لە داسەپاندنی هێژمۆنی بە سەر لایەنە بچووکەکاندا خۆ بپارێزن.

لە دەرەوەی وڵات، بە پێی ڕێنوێنی ئەو ناوەندە یان دامەزراوە گشتییە کاروچالاکی بکرێ. دروشمەکان، نامە بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و بە گشتی هەموو هەنگاوێک بە کۆمەڵ ئەنجام بدرێ.

کورد لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان بەتایبەتی، ناتوانن بە بێ یەکڕیزییەکی کارا و تۆکمە، لە کاتی لەق بوونی دەسەڵاتی ئاخوندی یان دوای رووخانی ئەو دەسەڵاتەش جڵەوی ئەو ئەرکە بەباشی بە دەستەوە بگرن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە سەرماندا بڕووخێ و ئامادەیی خۆبەڕێوەبەرییەکی کاتیمان نەبێ، نیگەرانی زۆرن.

کورتی دەکەمەوە:

کاک حەسەن شەرەفی لە سێمینارێکدا لە نۆروێژ، لەمەڕ یەکیەتی و یەکڕیزی کوردەوە خاڵێکی سەرنجراکێشی هێنایە بەرباس و وتی: "لە یەکڕیزی کورد بەرامبەر بە ڕووداوە نەرێنییەکان دەتوانین کەمتر تووشی زیان ببین، چوونکە هەموومان پێکەوە بە گژ ڕووداوە کارەساتبارەکەدا دەچینەوە. لە کاتی ڕووداوێکی ئەرێنیشدا کورد بە یەکڕیزی و تەبایی دەتوانێ، بەشێکی بەرچاو لەو ئامانجانەی دەست کەوێ کە خەباتی بۆ کردووە."

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕووداوە نەرێنییەکان، ٢٠١٧/١/١٦ی باشووری کوردستان، بوومەلەرزەکەی ٢٠١٧/١١/١٢ی ڕۆژهەڵات و شەڕی بەرگری ئێستای عەفرین باشترین بەڵگەیە. لە باشوور، دوای ئەو کارەساتە کە کورد لە پرشوبڵاوی خۆی بە سەر خۆیدا هێنا لە سەر مێزی وتووێژیش بەو شێوەیە دیارە دەسکەوتەکان لە ئاستی چاوەڕوانی کورددا نین.

لە ڕۆژهەڵات ئەگەرچی ئێستاش خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو لە سەرما و بێ ئیمکاناتی دەمرن، بەڵام لایەنی یەکڕیزی و بەرچاوی ئەرێنی دوای ئەو کارەساتە سروشتییە، بە هاناوەهاتنی خەڵکی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات بوو، کە ناوی ریفراندۆمی دووهەمیان لە سەر دانا. ئەوەی عەفرینیش ئەگەرچی پەیەدە بە بێ بەشداری هێزی چەکداری ئەنەکەسە لە بەرامبەر تورکیەدا قارەمانانە وەستاوە، دیسان لە یەکڕیزی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ. هیوادارم ئەم نووسینە کرچوکاڵەی من ئەگەرچی نوێ نییە، پاڵنەری ئەو دەنگانە بێ کە بۆ یەکڕیزی گەل هەوڵ دەدەن. هاتنەدی خەونی هەر تاکێکی کورد (ئەگەر لە پێناوی بەختەوەری گشتیدا بێ)، بەندە بە تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی گشتی کوردەوە.

# تارماییەکان لەنێو سۆشیاڵمیدیادا

ئاگری ئیسماعیلنژاد

سۆشیال میدیا چ وەک دیاردە و چ وەک دەرفەت زۆر بەستێنی بۆ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خولقاندووە.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆمەڵگایەک کە لە ڕووی دەسەڵاتداری سیاسییەوە، پێکهاتەیەکی توتالیتێر_ دیکتاتۆر بەسەریدا زاڵە و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵگەیەکی چەقبەستووی پڕ لە خورافە و پڕ لە تاپۆ و قەدەغە و قۆرغە؛ هاوکات لەگەڵ ئەوەش، کۆمەڵگای ئێمە(وەک کەسانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) بە دەردی بێ ڕایەڵەییەوە دەناڵێنێت.

ئێمە لە کۆمەڵگەیەک دەژین کە تێیدا ساڵانێکە لە بیر و هزرەوە، هەتا خواست و پێویست و حەز و ئاوات، تەنانەت هەتا نارەزایەتی و شۆڕش، هەموو شتێک تاکاوی بووە و لە چوارچێوەی خواستێکی تاکەکەسی و نهێنیدا ماوەتەوە، و بەهۆی ترس لە دەزگای سەرکوتی ڕێژیمەکان، کۆمەڵگە و توێژەکانی نێوی، شێوە و شێوازی گشتی و ڕایەڵەیی بەخۆیەوە نەگرتووە.

سۆشیال میدیا، ئەو دەرفەتەی سازکرد کە خەڵکانی ئەو کۆمەڵگایە بەبێ تێچووی زۆر بتوانن، ڕایەڵەی خۆیان لەسەر بناغەی بیر، حەز، ویست، ئاوات و شۆڕش دابمەزرێنن.

لێرەدا ئەوەیکە سۆشیالمیدیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە سۆشیالمیدیای ناوچەکانی تری جیهان لێک جیادەکاتەوە، باسێکی تایبەتی نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، واتە دوانەی دیکتاتۆر_تێرۆریستە. ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا و زۆربەی وڵاتانی موسوڵمانی عەرەبی لە گۆڕێیە، یان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر_تۆتالیتێرە، یان ئاڵۆزییەکی تەناهی دەرئەنجامی تێرۆریسم و شەڕی بەوەکاڵەتە.

لێرەدا دوو باس هەیە:

یەکەم: زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، ئەوانەی کە دەسەڵاتداری تەناهی ڕواڵەتن سەقامگیریان هەیە، وەک ئێران، تورکیا، سعودیە، قەتەر و ئیمارات، ئەوانە سۆشیالمیدیا بە مەترسی لەسەر گوتاری زاڵی خۆیان دەزانن و کەم تا زۆر هەموویان لەدژی سۆشیالمیدیا ڕاوەستاون و ڕادەوەستن.

دووهەم: گرووپە تێرۆریستییەکانی چالاک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سۆشیالمیدیا وەک ئامێرێکی پەیوەندی و ئەندامگیری وەک میدیای فەرمی خۆیان بەکار دێنن. لەسەر سۆشیال میدیا لە ئێراندا، دەکرێت بە ڕوونی بڵێین کە کۆماری ئیسلامی، وەک ڕێژیمێکی تۆتالیتێر، سۆشیالمیدیا بە مەترسی گەورە بۆ سەر خۆی دەزانێ.

هاوکات ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی، وەک دەرفەتێک بۆ پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی نێوخۆی ئێران و سازکردنی ڕایەڵە مەجازییەکان لە نێوخۆی ئێران و وەک ئامێرێک، بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی خۆی سەیری دەکات و خەڵکی ئێرانیش وەک سەرچاوەیەکی زانیاری یان ئامێرێک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری سەیری دەکەن.

کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی سێ سیاسەتی زۆر دژبەیەکی بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ سۆشیالمیدیا پەیڕەو کردووە:

١: سیاسەتی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە زۆربەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکانی وەک فەیسبووک و تویتێر، فیلتێر بکات.

٢: لە ڕێگەی تەرخان کردنی گرووپی تایبەت، بۆ ئاراستەکردنی باسەکانی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، بەردەوام لە هەوڵدایە، ڕێگر بێت لەوەی پانتایی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی وەک پانتاییەک بۆ دژایەتی ڕێژیمی ئێران کەڵکی لێوەربگیرێت.

هاوکات لەگەڵ ئەوە بۆکارتێکەری لەسەر ڕای گشتی، چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە نێوخۆی وڵاتانی موسوڵمان، ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی بەکار دێنێ، واتە وەک دەرفەتێکی میدیایی سەیری دەکات.

٣: کۆماری ئیسلامی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی، وەک ئامێرێک بۆ شەڕی نەرم لە دژی ئۆپۆزیسیون و بەرهەڵستی ناوخۆیی و دەرەکی خۆی بەکار دێنێ.

لەسەر باسی شەڕی نەرم لە سۆشیالمیدیا دەبێت بڵێین، چونکە سۆشیالمیدیا لە یاسایەکی تایبەت پەیڕەوی ناکات، هەموو لایەنێک دەتوانێ بەو جۆرەی کە خۆیان پێیان وایەکارتێکەری زۆرە، شەڕ لەگەڵ بەرانبەرەکەیان بکەن، واتە هیچ سنوورێکی ئەخلاقی، لە شەڕی نەرمی نێو سۆشیالمیدیادا نییە.

کۆماری ئیسلامیش، ئەوەی وەک دەرفەتێک گواستۆتەوە و لە باسی شەڕی نەرم لە دژی کوردستان لە بیاڤی سۆشیالمیدیادا، هەوڵی داوە زمانی شڕ و قسەی سووک و جنێو بکاتە دەسمایەیەک بۆ ئەوەی، پەرە بە شەڕە نەرمەکەی لە دژی بەرهەڵستکارانی خۆی بدات؛ چونکە کۆمەڵگای کوردستان بە جنێو زۆر زوو هەڵدەبەزێتەوە و زۆربەی جارانیش یان پێی تێکدەچێت و پێی دەچرژێ، واتە لە ڕووی دەروونییەوە کارتێکەری لەسەر دەکات یان ئەوەی بێوڵامی ناکات وێڕای کابرای جنێوفرۆش ئەویش جنێو دەدات.

لێرەدا باسێک دێتە گۆڕێ، کاتێک کە جنێوفرۆشێک جنێوێک دەدات، ئەگەر وڵامی بدرێتەوە، ئاڵۆزییەک لە نێوان جنێوفرۆش و بێتاواندا دێتە گۆڕێ و هاوکات لەگەڵ ئەوە، جۆرێک بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێت کە کەسی جنێوفرۆش، بەردەنگی زیاتری پەیدا بکات؛ بە کورتی شەڕە نەرمەکە ئامانجی خۆی پێکاوە.

ئەگەر بمانهەوێت، لەسەر لایقی فەیسبووک ئەو بۆچوونە پیادە بکەین، دەبێت بڵێین کە لایقی فەیسبووک، کە بناغەکەی لەسەر دەمشڕی و جنێوفرۆشی دامەزراوە، زیاتر ئاراستەکارەکەی دەزگا ئەمنییەکانە! دیاردەیەک کە بە ئاسانی دەتوانێ لە کۆمەڵگای کوردستان بەردەنگی پێ کۆبکەیەوە و ئامانجی خۆتی پێ بپێکی.



# عەبدوڵڵا حیجاب: هەنگاو و سیاسەتەکانی ڕووحانی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کردەوەکانی باقی کاربەدەستە هەرە توندڕەوەکانی ڕێژیم نەبووە



## دەقی وتووێژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ عەبدوڵڵا حیجاب، چالاکی سیاسی

**پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی ئەو وڵاتە و هەروەها مەسەلەی "بەرجام" دوو تەوەری سەرەکیی یەکەم وتاری ساڵانەی سەرکۆماری ئامریکا بوون, کە بەرچاوترین جیاوازی لە سیاسەتی دەرەکیی ئەو وڵاتە بە نیسبەت ئیدارەی پێشووتری ئامریکا بەهەژمار دێن؛ بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەو وتار و سیاسەتە کە هاوکاتە لەگەڵ بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی ئێراندا، سەرنجتان بۆ ئەم وتووێژەی کوردستان لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حیجاب، چالاکی سیاسی ڕادەکێشین.**

وتووێژ: سەلیم زەنجیری

**ترامپ لە یەکەم وتاری ساڵانەیدا باسی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی کرد کە بێدەنگ نەبووە و لەمەوبەدواش لە خەبات بۆ ئازادیدا پشتیوانی خەڵکی ئێران دەبێت، ئایا تەنیا پشتیوانی مەعنەوی دەتوانێ لە سەرکەوتنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە سەر ڕێژیم کاریگەریی هەبێ؟**

بەشێك لە وتاری بەڕێز ترامپ بە بازارکردنی ئەو سیاسەتەیە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە، دەربڕی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە سیاسەتی وڵات بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی ئامریکایە. ترامپ نوێنەرایەتی توێژێك لە سەرمایەداران و سیاسەتڤانانی ئامریکا دەکا، کە هەموو جیهان تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییە هەنۆکەییەکانیانەوە دەبینن، بۆیە ئاساییە کە ئەو، سیاسەتێکی پراگماتیستی ئاوا ڕەچاو بکا کە گرینگییەکی زیاتر بە ئامانجە کورتخایەنەکان و سیاسەتی ڕۆژانە بدا. لە کاتی هاتنە سەرکارییەوە، بەڕێز ترامپ وێڕای بەکارهێنانی زمانێکی هاوکێش لەگەڵ ئەو زمانەی کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نزیکەی چوار دەیەیە، لە بەرامبەر ئامریکادا بە کاری دێنن، هێندێك هەنگاوی بەکردەوەشی هەڵگرتووە کە دەریدەخەن ئەو، پێی خۆش نییە لە بەرامبەر زێدەڕۆییەکانی ئێراندا بێدەنگ بێ.

داسەپاندنی خولێکی دیکەی تەحریم و هەڕەشەکردن لە ڕێژیم بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتننامەی بەرجام و هەروەها دەربڕینی پشتیوانی زارەکی لە ڕاپەڕینی چەکەرەگرتووی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیم، نیشانەی ڕێبازێکی جیاوازتر لە سیاسەتی ئامریکا لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە؛ بەڵام گومانم هەیە کە ئەو هەنگاوانە بە تەنیا بتوانن پارسەنگی هێز، لە دژی ڕێژیم و بە قازانجی گەلانی ئێران بگۆڕن. ئەوەش بۆ خۆی پرسیارێکە کە داخوا هیوا و داخوازیی گەلانی ئێران بۆ پشتیوانی دەرەکی، بە تایبەت پشتیوانیی ئامریکا لە خەباتی سەخت و دژواریان بە دژی کۆماری ئیسلامی تا چ ئاستێك و لە کوێیە.

بە بڕوای من ئامریکا تا ئێستاش بایەخی نەداوە بە ڕەوشی گشتی ئێران و کێشە و گرفتەکانی گەلانی وڵات؛ تێڕوانینێکی بەرژەوەندیخوازانە کە بیهەوێ گرفتەکانی وڵاتێك تەنیا وەك ئامرازێك بۆجێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی بەکار بێنێ، تا ئەو جێگایەی کە لە دژایەتی کردنی ڕێژیمدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلانی وڵات هاوتەریب بێ، دەتوانێ حەز و پشتیوانیی بەشێکی کۆمەڵگا وەدەست بێنێ، بەڵام ئەو حەز و پشتیوانییە تا سەر نابێ. گەلانی ئێران چاوەڕوانی سیاسەتێکی ڕاشکاوانەی دامەزراو، لە سەر هێندێك پرەنسیپی پشتبەستوو بە پێوانەکانی مافی مرۆڤ، دێمۆکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتین. هەر سیاسەتێك کە ئەو پرەنسیپانە ڕەچاو نەکا، ناتوانێ سەرنجی گەلانی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ یاخود گەلانی وڵات ڕازی بکا.

**کەواتە ئامریکا لە پراکتیکدا دەتوانێ چ جۆرە هاوکاری یان پشتیوانییەک بکات؟**

ئامریکا دەسەڵاتێکی بێ سنووری بە سەر تێکنۆلۆژی ڕاگەیاندن، میدیاکان، کاناڵە نێونەتەوەییەکان، ئیمکانات و بازارە جیهانییەکاندا هەیە. لە هەمان کاتیشدا ئامریکا لە زۆر لەو کێشە سیاسی و سەربازییانەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەقەومن، بە کردەوە لە هەڵ ئێران ڕووبەڕووە. لە هەمووی ئەو بوارانەدا، ئەگەر ئامریکا مەیلی بێ، دەتوانێ مەیدانی خۆنواندن بۆ کۆماری ئیسلامی سنووردار بکا و هەر بەو ڕێژەیەش، دەرفەت بۆ ئۆپۆزیسیۆن و نوێنەرانی گەلانی وڵات بڕەخسێنێ تا دەنگی خەڵکی خۆیان بەرز بکەنەوە.

**سەرکۆماری ئامریکا هاوکات لە وتاری ساڵانەیدا داوای لە کونگرێس کرد کە چارەسەری کەموکووڕییەکانی ڕێککەوتننامەی بەرجام بکات، پێتان وانییە کە دەرکەوتن لە بەرجام دەتوانێ بە سودی خەڵکی ئێران بێت، چونکە ئەو ڕێککەوتنە، دەستی ڕێژیمی لە ئاژاوەنانەوە، دەستێوەردان، شەڕ و هاوکاریکردنی تێرۆریستاندا ئاوەڵاتر کردووە؟**

پرۆژەی ئەتۆمی ئێران، کێشەی گەلانی وڵات نییە. ئێران ئەو بەرنامەیەی هەبێ یان نەیبێ، تێیدا سەرکەوتوو بێ یان ئەوەی بەرنامەکانی شکست بهێنن، هیچ کێشەیەك بۆ گەلانی وڵات چارەسەر ناکا. هەم ئامریکا و هەم هاوپەیمانەکانی لەو ڕاستییە ئاگادارن کە پرۆژەی ئەتۆمی ئێران ناتوانێ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی مەترسیدار بێ. ئێرانیش لەو ڕاستییە ئاگادارە کە بە پرۆژەی ئەتۆمی ناتوانێ ئاسایشی خۆی بپارێزێ یاخود لەگەڵ تێکنۆلۆژیی ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئامریکا و هاوپەیمانەکانی ڕکابەرایەتی بکا، کەوابوو، مەسەلەی بەرجام لە ڕۆژەڤی خەڵکی ئێراندا نییە، بەڵام بۆ ڕێژیم گرینگ بوو، چونکە لەو ڕێگایەوە پارەیەکی زۆری دەست کەوت و بەو پارەیە توانی دەرچووی بەشێك لە پرۆژە تێرۆریستییەکانی لە ناوچەدا دابین بکا.

بەردەوام بوون یان هەڵوەشاندنەوەی بەرجام کێشەیەك چارەسەر ناکا، بەڵام لە دەورووبەری بەرجام کۆمەڵێك مەسەلەی سیاسی دیکە هەن کە دەتوانن مەیدانی کردەوە بۆ کۆماری ئیسلامی بەرفراوانتر یا سنووردارتر بکەن. ئەوەی بۆ گەلانی ئێران گرینگە، ئاڵقە و بڕگەکانی سیاسیی دیکەی پێوەندیدار بە سیاسەتی "بەرجام"ەوەن کە دەتوانێ زۆر شت بگۆڕێ.

**چەند ڕۆژ لەمەوبەر ڕووحانی لە سەر گۆڕی خومەینی ڕایگەیاند کە دەنگی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێرانی بیستووە، ئەمە دەتوانێ هەڵگری چ پەیام وگۆڕانکارییەک بێت؟**

ئەو قسەیە زۆرتر وەکوو دوایین وتەکانی شا بەر لە جێهێشتنی ئێران دەچوو، کە وتی"دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیستووە"، بەڵام ئەو وتەیە، بە فریای نەکەوت و نەیتوانی چارەنووسی بگۆڕێ. ڕووحانی لە کاتی هەڵبژاردنییەوە هەوڵی داوە کە خۆی وەك کەسێکی سەردەمیانە، خەڵکی، کراوە و بەمشوور بۆ کێشەکانی خەڵك نیشان بدا. بۆیە زمانێك بە کار دێنێ کە هێندێك جیاوازترە لەو زمانەی کە نزیکەی ٤٠ ساڵە لە زمانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیبیستین، بەڵام بە کردەوە هەنگاو و سیاسەتەکانی ڕووحانی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کردەوەکانی باقی کاربەدەستە هەرە توندڕەوەکانی ڕێژیم نەبووە.

مەبەستی ڕووحانی لە باس کردن لە دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێران ئەوەیە، کە بە خەڵك بڵێ، واز لە دژایەتی کردن لەگەڵ ڕێژیم بێنن، داوای مافەکانیان نەکەن و ڕێگا بدەن ئەو و هاوبیرەکانی لە سەر سیاسەتە هەڵخەڵەتێنەر و دووڕوویانەیان بەردەوام بن.

**پێت وایە کە نارەزایەتیی نێوخۆیی و گوشاری دەرەکی، بتوانێ گۆڕانکاری بەسەر ڕەفتاری ڕێژیمدا بێنێ؟**

سۆسیال دێمۆکراتەکانی ئەورووپا و بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما، زۆریان هەوڵ دا کە جیاوازییەك لە نێوان جەوهەری ڕێژیم و کردەوە یا ڕەفتارەکانیدا دابنێن و وا بنوێنن کە گۆڕانکاری بە سەر هەندێك ڕەفتاری ڕێژیمدا دەتوانێ ڕێگە بۆ پێوەندیی ئاسایی و لەو ڕێگەیەشەوە پێوەندیی گەرمی بازرگانی لەگەڵیدا خۆش بکاتەوە؛ بەڵام دیتمان کە سەرکەوتووی ئەو ڕوانگە ڕواڵەتی و پڕهەڵەیە ڕێژیم و سیاسەتە تێرۆریستییەکانی لە ناوچەدا بوو. ئەوە ڕوانگەیەکی هەڵەیە کە ساڵانێکە ئەورووپا لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاوی دەکا.

گۆڕانی هەڵسوکەوتی ڕێژیم، پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سنووری کار و چالاکییەکانی لە ئاستی جیهانیدا هەیە؛ ئەگەر سنوورێك بۆ زێدەڕەوییەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دابندرێ، ئەوکات دەکرێ باسی گۆڕانکارییەك بکرێ کە سەرئەنجام هەمووی ڕێژیم دەگۆڕێ. بۆ ڕێژیمێکی توتالیتێری وەك کۆماری ئیسلامی، گۆڕانی ڕەفتار هاوتەریب دەبێ لەگەڵ لە بەر یەکتر هەڵوەشانەوەی هەموو بناغەکانی سیستەم.

**ئەو سیاسەتەی ترامپ چەندە دەتوانێ لە خزمەت کورد و گەلانی ناوچەدا بێ؟ کوردانی ڕۆژهەڵات لەو قۆناغەدا پێویستە چی بکەن؟**

با ئەوەمان لە بیر بێ کە سیاسەتی هیچ هێزێکی دەرەکیی تاسەر بە قازانجی هیچ لایەنێك نابێ تا بە قازانجی کورد بێ. ئێستا هێندێك بەرنامە و پلانی ئامریکا و ترامپ لەگەڵ بەشێك لە داخوازییەکانی گەلی کورد یەکتر دەگرنەوە، بەڵام ڕووداوەکانی باشوور بە ڕوونی دەریخست، کە تێکۆشین بە هیوای جیران ویشکە؛ کەوابوو ئەگەر کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا بە هیوای ئەوە بێ کە سیاسەتی هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان گۆڕانکارییەکی ئاوایان بە سەردا بێ کە دەرفەت بۆ کورد بڕەخسێنێ و بە مافەکانی خۆی بگا، پێم وایە دەبێ زۆر چاوەڕوان بێ، و زەحمەتە کە توێژی ئێستای سیاسەتڤانەکانی کورد ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆیان ببینن.

ڕووداوەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان زەنگێکی وشیارکەرەوەیە، کە دەبێ هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەخەبەر بێنێ تا لە ئێستاوە بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ مەترسییەکی جیددی لە داهاتوودا ئامادە بن. دەستێوەردانی تورکیە سنووردار نابێ بە ڕۆژئاوای کوردستانەوە. ئەوەش خۆهەڵخەڵەتاندنێکی ساویلکانەیە کە هێندێك کەس پێیان وابێ سیاسەتی تورکیە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا، کە دەتوانێ سبەی ڕۆژ بۆ ڕۆژهەڵاتیش سیناریۆیەکی ئاوا دووبارە ببێتەوە، پێوەندی بە دەوری چالاکی هێز یان ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتەوە هەیە. نا، تورکیە هەبوونی کیانێکی کوردی یان دەسەڵاتێکی هەرێمی کوردی بە دژی ستراتێژیی نەتەوەیی خۆی دەزانێ و لە بەرامبەریدا ڕادەوەستێ. بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو مەترسییە دەتوانێ زۆر لە ڕۆژئاوا بەرچاوتر بێ. وێڕای تورکیە، جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی و زۆر ئاکتۆری هەرێمی و جیهانی دیکە دەتوانن بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەترسیدار بن.

سیاسەتی ترامپ لە ناوچەدا چەندە دەتوانێ دەرفەتخوڵقێن بێ، هەر ئەوەندەش دەتوانێ کێشە بۆ کورد دروست بکا؛ کەوابوو کورد دەبێ بەر لە هەموو شتێك حیساب لە سەر پوتانسییەلی نێوخۆیی، هێزی خۆی و هاوبەندیی نێوخۆیی بکا. لەو بوارەدا بە داخەوە کوردی ڕۆژهەڵات ئەزموونێکی سەرکەوتووانەی نییە. لانیکەم لەو ٢٠ ساڵەی دواییدا بەشی زۆری پوتانسیەلی بزووتنەوەی کورد، لە دژی یەکتر بەکار هاتووە، و لەو بە فیڕۆدانی تواناییەکانی بزووتنەوەدا هەموو هێزەکان خاوەن کەموکوورین. ئێستاشی لە گەڵ بێ، هێزەکان پلاتفۆرمێکی جێگەی متمانەیان پێشکەش نەکردووە کە هیوایەك بە خەڵك ببەخشێ. چەند حیزب پێکەوە باسی پلاتفۆرمێك دەکەن بە بێ ئەوەی هەوڵێکی جیددی بۆ دیالۆگ لەگەڵ باقی هێزەکانی چالاك لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بدەن. ئەو چەند حیزبەش لە بەینی خۆیاندا کێشەی زۆریان هەیە.

بۆ ئەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە گێژاوی سیاسەتی ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خاوەن پێگە، قسە و کاریگەری بێ، دەبێ پلاتفۆرمێکی هاوبەشی سیاسی دابمەزرێنێ کە وزە و تواناییەکانی بزووتنەوە لە خەباتی چالاکانەدا بە دژی کۆماری ئیسلامی وەجووڵە بخا. لەو پلاتفۆرمەدا نابێ هیچ هێزێك وە پەراوێز بخرێ یان هەڵاوێردرێ، ئەگەر بڕیاریش بێ خەباتێکی جیددی چەکدارانە بکرێ، دەبێ هێزی چەکدار یەك فەرماندەیی هاوبەش و سیاسەتێکی یەکگرتوانەی تێکۆشانی هەبێ.

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:718 · 4 Feb. 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

**ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتە و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.**

# کەمپەینێک بۆ پشتیوانی لە هیدایەت عەبدوڵڵا پوور دامەزرا



ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی ومافی مرۆڤی، بۆ پشتیوانی لە "هیدایەت عەبدوڵاپوور" زیندانیی سیاسی مەحکووم بە ئێعدام، کەمپەینێکیان وەڕێخست.

لە دوای حوکمی دژە مرۆڤانەی بەرپرسانی دەزگای بەناو دادوەریی ڕێژیم، بۆ ئێعدام کردنی "هیدایەت عەبدوڵاپوور"، کەمپەینێک لەژێر ناوی "پشتیوانانی هیدایەت عەبدوڵاپوور" پێکهێنراوە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمەی بێ دادگاکانی ڕێژیم دەکەن.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ۲۸ی بەفرانباری ۱۳۹٦ی هەتاوی لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە، دادگای ئینقلابی شاری ورمێ هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری شنۆ، بە ناوی "هیدایەت عەبدوڵاپوور" کوڕی "ئەبووبەکر"یان، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ دووهەم جار، بە ئێعدام مەحکووم کرد.

مانگی ڕەشەممەی ساڵی ۹٥ی هەتاوی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ، حوکمی ئێعدامی بۆ هیدایەت عەبدوڵاپوور و حوکمی ۱۰۰ ساڵ زیندانی بۆ حاسڵ عەزیزی، محەممەدزاهید فەرامەرزی، یەعقووب بائیکەرام، جەلال مەسرووری، کەمال مەسرووری و سدیق بائیکەرام دەرکرد.

ماوەیەک پێش ، دۆسیەی ئەو ۷ هاووڵاتییە کوردە بە مەبەستی پێداچوونەوە بۆ لقی دووی دادگای پێداچوونەوە پارێزگای ورمێ، نێردرابوو.

ئەم هاووڵاتییانە کە تەنیا تاوانیان کورد بونیانە، پاش حەماسەخوڵقێنی قارەمانانی دێموکرات، لە گوندی قەرەسەقەڵی شنۆ لە جۆزەردانی ۱۳۹٥ی هەتاوی دەسبەسەر کران.

# چارەنووسی ۱۲ هاووڵاتیی دەسبەسەرکراوی کورد ناڕوونە

ئاژانسی کوردپا: چارەنووسی ۱۲ هاووڵاتیی دەسبەسەرکراوی کورد خەڵکی شاری شنۆ، پاش دەسبەسەر کردنیان لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە، ناڕوونە.

لە چارەنووس و شوێنی ڕاگرتنی ۱۲ هاووڵاتیی دەسبەسەرکراوی کورد خەڵکی شاری شنۆ، هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە و هێزە ئیتلاعاتییەکانیش لە دانی هەر جۆرە زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسی ئەو هاووڵاتییانە بە بنەماڵەکەیان خۆدەبوێرن.

شوناسی ئەو هاووڵاتییانە کە خەڵکی شاری شنۆ و گوندەکانی دەورووبەری ئەو شارەن بەم چەشنەی خوارەوەیە:

شەفیع فەقیزادە خەڵکی گوندی تاچیناوێ، محەممەد ئەمیری خەڵکی شنۆ، محەممەدئەمین فەزڵی خەڵکی گوندی بێمزورتێ، ڕزگار ئەمینی خەڵکی شنۆ، مەنسوور قادرزادە خەڵکی گوندی ڕەش گوند، محەممەد سوورە خەڵکی گوندی ڕەش گوند، یوونس شەریفی خەڵکی شنۆ، محەممەد فەرزاد خەڵکی گوندی خورشت، محەممەد مەحموودتاش خەڵکی گوندی خورشت، حامید زەریفە خەڵکی گوندی خورشت، فەتاح عەلی‌کورد خەڵکی گوندی نەرزیوێ و مامەند عەلی‌کورد خەڵکی گوندی نەرزیوێ.

ئەم ۱۲ هاووڵاتییە کوردە لە سەرەتای ئەم مانگە(ڕێبەندان)، لەلایەن حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی شاری شنۆوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

ئەو ناوەندە ئیتلاعاتییە، ئەم ۱۲ هاووڵاتییە کوردەی بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە دژبەرەکانی حکوومەتی ئێران" تاوانبار و دەسبەسەر کردووە.

# مردنی زیندانییەکی دیکەی کورد لە کرماشان پشتڕاست کرایەوە

ئاژانسی کوردپا: یەکێکی دیکە لە ناڕازییە دەسبەسەرکراوەکانی چەند حەوتووی ڕابردوو، لە زیندانی کرماشان گیانی لە دەست دا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "خالید قەیسەری" خەڵکی کرماشان، کە چەند ڕۆژ پاش نارەزایەتییە خەڵکییەکان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو، ڕۆژی شەممە ۷ی ڕێبەندان، لە گرتووخانەی ئەو شارە گیانی لە دەستدا.

بنەماڵەی ئەو هاووڵاتییە کوردە مردنی کوڕەکەیان لە گرتووخانەی کرماشان پشتڕاست کردووەتەوە.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە بنەماڵەی ئەو هاووڵاتییە کوردەیان ڕاگەیاندووە کە کوڕەکەیان بە هۆی زۆر بەکاربردنی ماددەی سڕکەر گیانی لە دەست داوە.

ئەو سەرچاوەیە لە درێژەدا دەڵێت: تەرمی خالید قەیسەری بە بەشداری بنەماڵەکەی و ژمارەیەک لە هێزە ئیتلاعاتییەکان، لە گۆڕستانی شاری کرماشان ئەسپەردەی خاک کرا و هێزە ئیتلاعاتییەکان، ڕۆژی پێنجشەممە ۱۲ی ڕێبەندان، ئیزنی بەڕێوەبردنی ڕێوەڕسمی سەرخۆشییان بەبنەماڵەکەی داوە.

لە ڕەوتی نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ئەم دواییانەی ئێران و کوردستان، هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان، هەزاران کەس دەسبەسەر و چەندین کەسیش گیانیان لە دەستدا.

بەپێی دوایین زانیارییەکان، نزیکەی ٥ هەزار کەس دەسبەسەر و لانیکەم ۲۸ هاووڵاتیی مەدەنی بە هۆی توندوتیژی و سەرکوتەوە گیانیان لە دەست داوە کە ٦ کەسیان لە کاتی لێکۆڵینەوە و بەهۆی ئەشکەنجەوە، گیانیان لە دەست داوە کە ئەم کەسانە لە گرتووخانەی شاری سنە گیانی لە دەست داوە: سارۆ قارەمانی، کیانوش زەندی، حوسێن قادری و ئارام مەعازی.

# حوکمی زیندانییەکی کورد کەم کرایەوە

حوکمی زیندانیی هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری شنۆ، لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای ورمێ، بۆ ۲۰ ساڵ زیندانی تەعزیری کەم کرایەوە.

حوکمی ۲٥ ساڵ زیندانی تەعزیریی زیندانییەکی سیاسیی کورد، بە ناوی "حاسڵ عەزیزی" لە دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای ورمێ، بۆ ۲۰ ساڵ کەم کرایەوە.

ئەم هاووڵاتییە کوردە کە خاوەنی ۲ منداڵە بەبێ ئەوەیکە دان بە تۆمەتە وەپاڵدراوەکەیدا بنێت، ئەم حوکمەی بەسەردا سەپاوە.

تۆمەتی وەپاڵدراوی ناوبراو بریتییە لە هاوکاری کردنی حیزبێکی دژبەری ڕێژیم.

حاسڵ عەزیزی وێڕای چەند کەسی دیکە بە ناوەکانی هیدایەت عەبدوڵاپوور، محەممەد زاهید فەرامەرزی، یەعقووب بائیکەرام، جەلال مەسرووری، کەمال مەسرووری و سدیق بائیکەرام پاش حەماسەخوڵقێنی قارەمانانی دێموکرات، لە گوندی قەرەسەقەڵی شنۆ، لە جۆزەردانی ۱۳۹٥ی هەتاوی دەسبەسەر کرا.

لە ڕەوتی دادگاییە فەرمایشییەکانی پەروەندەی ئەم کەسانە، هیدایەت عەبدوڵاپوور بە ئێعدام و ئەو کەسانەی دیکە بە ۱۰۰ ساڵ زیندان مەحکووم کران.

بەوتەی کەسانی نیزیک لەم زیندانییانە حوکمە داسەپاوەکانی بەسەر ئەم زیندانییانە بە گوشار و زەختی ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم بووە.

# لێبووردنی نێونەتەوەیی: چالاکانی مافی مرۆڤ بە خێرایی ئازاد بکرێن

لێبووردنی نێونەتەوەیی داوای لە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران کردووە تا بە خێرایی چالاکانی مافی مرۆڤ ئازاد بکەن.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۱۳ی ڕێبەندانی ۱۳۹٦ی هەتاوی ڕاپگەیاندووە، لەم دواییانە ٦ چالاکی مافی مرۆڤ بەناوەکانی سەعید ئێقباڵی، شیما بابایی و هاوسەرەکەی بە ناوی داریوش زەند، لەیلا فەرجامی، مەحموود مەعسوومی و بێهنام مووسەوی لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمی ئێرانەوە قۆڵبەست و بەند کراون.

مەگدێلنا مەغرێبی، جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئافریقا لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لەمبارەوە ڕایگەیاندووە: "پێویستە ئەو چالاکانەی مافی مرۆڤ، بە خێرایی ئازاد بکرێن، ئەوان هیچ هەڵەیەکیان نەکردووە و ئێمە نیگەرانین کە لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمی ئێرانەوە بەرەوڕووی ئازار و ئەشکەنجە ببنەوە".

ناوبراو داوای لە بەرپرسانی ڕێژیم کردووە، کە کۆتایی بە ئازاردان و گرتنی چالاکانی مافی مرۆڤ بێنن و ئیزنیان پێ بدەن کە لە کەش و هەوایەکی ئەمندا، بەردەوام بن لە داکۆکی و چالاکییە مرۆڤدۆستانەکانیان.

پاش نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ئەمساڵ لە ئێران، بە هەزاران کەس لە خەڵکی ناڕازی و هەروەها دەیان چالاکی مافی مرۆڤ لەلایەن کاربەدەستانی ئەمنییەتی ڕێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر کران کە زۆربەیان هەتا ئێستا لە بەندیخانەکانی ئێراندان.

# شەش هاووڵاتیی کورد حوکمی ۳۰ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپا



ئاژانسی کوردپا: دادگای ئینقلابی شاری سنە ۳۰ ساڵ زیندانی تەعزیری بە سەر شەش هاووڵاتیی کورد سەپاند.

شەش هاووڵاتیی کورد خەڵکی گوندی مێراو سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ۳۰ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کران.

شوناسی ئەو شەش هاووڵاتییە کوردە بەم چەشنەیە:

"وەکیل ڕۆستەمی کوڕی محەممەد میرزا، فەروان یۆستەمی کوڕی عەلی محەممەد، سیروان ڕۆستەمی کوڕی عەلی محەممەد، بێهروز عەزیزی کوڕی محەممەد، ڕەسووڵ عەزیری کوڕی ئەڵڵا محەممەد و عەلی کووهی کوڕی محەممەدعەزیز".

دادگای ئینقلابی شاری سنە ئەو شەش هاووڵاتییە کوردەی بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزیسیونی حکوومەتی ئێران و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان" تاوانبار و بۆ هەر یەک لەو شەش کەسە حوکمی ٥ ساڵ زیندانی تەزعەزیری بڕیوەتەوە.

ئەو شەشە هاووڵاتییە کوردە، کۆتاییەکانی هاوینی ئەمساڵ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و پاش ماوەیەک بە دانانی وەسیقە بە شیوەی کاتی ئازاد کران و ئێستا لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری سنە خەریکی تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەیانن.